
# هەڵبژاردن ناکرێ، دەکرێ!



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**ئەرکی پەرلەمانە کە دەبێ بڕیاری کۆتایی خۆی لەسەر هەڵبژاردن بدات، چونکە لە ٦/٣٠ بەقانوون جەخت لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان کراوەتەوە. بۆ وەڵامدانەوەی پێشنیازەکەی (چ بە بەڵێ و چ بە نەخێر)، داخوا بەتەنیا وەڵامی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەسە، یان وەڵامی سەرۆکی فراکسیۆنەکان کافییە، یان پێویست بە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمان دەکات، چونکە تا ١١/١ پەرلەمان شەرعییەتی هەیە..**

بەلای زۆر کەسەوە، توخمی سەرەکیی دیموکراسی، بەشداریی هاووڵاتییانە لە خۆبەڕێوەبردندا. بەڵام ئەو بەشدارییە دەبێ ڕێکبخرێ دەنا دەبێتە فەوزاو ئاژاوە.. بوونی دەستوور، دامودەزگای دەستووریی وەك پارلەمان و حكوومەت، سەربەخۆیی قەزا، ڕۆژنامەگەریی ئازادو چەندین مافی دیکەی تاکە کەسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەحزابی سیاسی.. وڵات دەخەنە سەر ڕێگەی بەدامەزراوەییکردن و جێگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. دەبێ ناو بەناو دامودەزگای دەستووری، تەنانەت ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەمەزەرد بکرێنەوە.. بە مانایەکی تر جۆرێ لە بەلانس لەنێوان بەشداریی هاووڵاتییان و سەقامگیریی و کارایی دامەزراوەکاندا ڕابگیرێ. هەڵبژاردنی ناو بە ناو دەستاوێژێکی بەشداریی سیاسیی خەڵك و هاووڵاتییانە، لەلایەك ڕێگە لە چەقبەستوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە مەیلی خۆنوساندن بە حوکمڕانییەوە دەگرێ و لەلایەکی دیکەوە کە یاسا سەروەر بوو، بوار بە ئاژاوەو فەوزا نادرێ...

مافی هەڵبژاردن لە عێراقدا بە (هەرێمی کوردستانیشەوە) هەقێکی دەستوورییە (م ١، م ٦، م ٢٠ی دەستووری عێراق) و ناکرێ زەوت بکرێ. ئەگەر بەهەر بیانوێك ئەو هەقە لە هاووڵاتییان زەوتکرا، تەبیعەتی دەسەڵات دەگۆڕێ و شتێ نامێنێ پێی بگوترێ دیموکراسی. لەم سۆنگەیە و لەبەر گرنگیی ئەو مافە، لە مادده (١)ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، باس لە کۆمەڵێك پرەنسیپ کراوە کە دەبێ سیستەمی سیاسی لە هەرێمدا پشتیان پێ ببەستێ. یەك لەو پرەنسیپانە، هەڵبژاردنی گشتیی ناو بەناو و ئەو دەست و ئەودەستپێکردنی بەئاشتییانەی دەسەڵاتە. لە کوردستاندا ئەو مافە، بە قانوونی ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ و هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ڕێکخراوە و وەك لە ماددەی ٨ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە، «ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە، لە یەکەم دانیشتنیەوە دەست پێدەکاو بە دانیشتنی کۆتایی لە ساڵی چوارەمدا دوماهی پێدێ». خولی سێیەمی پەرلەمان لە ٢٠٠٩/٨/٢٠ دەستیپێکردو دەبوایە لە ٢٠١٣/٦/٣٠ کۆتایی بێ.

بەگوێرەی مادده (١٠/بڕگەی دووەم)ی قانوونی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ((قانوونی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو)) ئەوە ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەربکات و کاتەکە (واتە ڕۆژەکە)ی دیاری بکات...

بۆ زانین کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا، بە نووسراوێکی ڕەسمی لە ٢٠١٣/٣/٢٨ سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێم کرد. سەرۆکایەتیی ناوبراویش لە ٢٠١٣/٤/٨دا وەڵامی کۆمیسیۆنی بە ئەرێ داوەتەوە. کۆمیسیۆن لە لای خۆیەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە وەڵامی ئەو (ئەرێ)یەدا لە ٢٠١٣/٤/١٤ ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کە دەتوانێ لە ماوەی نێوان ٩/٥ – ٢٠١٣/١٠/٥

هەڵبژاردنەکە بەڕێوەببات. ئەوە بوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە فەرمانێکی دا لە ٢٠١٣/٤/١٦، ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ی دەستنیشانکرد و بەمەش ئەرکی خۆی بەگوێرەی (م/ ١٠/ بڕگەی دووەم)ی قانوونی سەرۆکایەتی ئەداکرد. لەو ساتە وەختەوە تا ئێستا، کۆمیسیۆن پێ بە پێ و قۆناخ بە قۆناخ ئامادەسازیی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

هەڵبەت پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی هیچ بۆشاییەکی قانوونی و «تەشریعی» لە کوردستاندا دروست نەبێ، بۆ ئیحتیات، لە کۆبوونەوەی ٢٠١٣/٦/٣٠دا بە قانوون ماوەی ویلایەتی خۆی تا ٢٠١٣/١١/١ درێژکردەوە بەو مەرجەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لە کاتی بڕیاردراوی خۆی، لە ٩/٢١دا ئەنجام بدرێ. واتە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی لە ٩/٢١دا کە پێشتر بە «مەرسوم»ی بۆ دەرچووبوو، لە قانوونەکەی ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٣٠دا جێگیرکرا. هەمووشمان دەزانین هێزی یاسایی «قانوون» لەپێش مەرسومەوەیە. نە کۆمیسیۆن دەتوانێ بەپێچەوانەی ئەو قانوونەو نە هیچ فەرمانێکی دیکە ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن کە بە قانوون دیاریکراوە، دوا بخات. مەگەر هەمواری قانوونەکەی ٣٠ی حوزەیران بکرێتەوە.

بەڵام وەك دەزانین، لە کۆتایی دوا خولی گرێدانی پەرلەماندا، چەند پەرلەمەنتارێك، «تۆماری دەنگدەران»یان هێنایە گۆڕێ کە گوایا ناوی دووبارە هەیە، ناوی مردووان ڕەش نەکراونەتەوە، ڕێژەی زۆربوونی دەنگدەر لە هەولێر و دهۆك لە چاو سلێمانی لە ماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا، زۆر زیاترەو ئەوانەی کە بە گوێرەی ماددە ١٤٠ کۆبوونیان ڕاگوێزراوەتەوە، ناویان ڕەش نەکراوەتەوە....! بەهەرحاڵ، پەرلەمان لیژنەیەکی لە نوێنەرانی سەرجەم لایەنەکان پێکهێنا و ئەو لیژنەیە کارەکانی خۆی تەواو کرد و لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە کۆمەڵێ ڕاسپاردەی کردوون. ئەو ڕاپۆرتە دراوە بە کۆمیسیۆن. کۆمیسیۆن لە ٨/١٥دا نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە کە ناتوانێ لەو ماوە کەمەی لەبەردەستی ماوە تا ٩/٢١، ئەو «ڕاسپاردانە» جێ بەجێ بکاو پێویستی بەکاتە و پێشنیاز دەکات هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە یەك کاتدا، لە ٢٠١٣/١١/٢١دا ئەنجام بدرێن.

لە ٨/١٨دا کۆمیسیۆن بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و ٨/٢٠یش لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، فراکسیۆنی کوردستانی لێ بترازێ کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبووە، کۆبۆوە. هەندەی من ئاگام لێ بێ لەسەر خاڵێکی کۆنکرێت ساغ نەبوونەتەوە. لە سەرینی ئەمەوە کۆمیسیۆن ڕایگەیاند ئەگەر تا ٨/٢٤ وەڵامی بە (ئا یان نا) نەدرێتەوە، ئەوا هەڵبژاردن بەگوێرەی تۆماری مەوجودو ئارای دەنگدەران لە ٩/٢١دا بەرێوەدەچێ و لە ٩/١یشەوە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەست پێدەکات.

تا ئێرە من وەقائیعەکانم وەکو خۆیان گێراوەتەوە. بەڵام ئەگەر سەیری دەمودووی لایەنە سیاسییەکان و دامودەزگاو کەناڵەکانی میدیا بە «حزبی و ئەهلی و سێبەرەوە!» بکەین، بەم شێوەیە:

ئەحزابی موعارەزەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیان و کەناڵە بەناو ئەهلییەکان دەڵێن دەسەڵات، واتە «پارتی و یەکێتی» لە هەڵبژاردن دەترسێن، نایانەوێ لەکاتی خۆیدا بەڕێوەبچێ. یەکێتی دەیەوێ هەڵبژاردن دوابخات!

سەرۆکایەتیی هەرێم وەکو دامەزراوەیەکی حوکمڕانی دوپاتیکردەوە کە پێویستە هەڵبژاردنی لەکاتی خۆیدا بکرێ.

لایەنەکانی وەك نێردەی UN و نوێنەری وڵاتانی وەك ئەمریکا و بەریتانیاو.. لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردندان...خەڵك بەتایبەتی گەنجان و ئەوانەی بۆ یەکەمین جارە دەنگدەدەن (لەدایکبووانی ١٩٩٢، ١٩٩٣، ١٩٩٤، ١٩٩٥) چاویان لەوەیە بەشداریی بکەن و دەنگ بدەن.

هەروا پارتی و یەکێتی (دوو تەرەفەکەی دەسەڵات) لەو ئاخاوتن و قسانەی دەیکەن، جەخت لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا دەکەنەوەو تەنانەت پارتی لەسەر زاری سکرتێرەکەی لە یادی ١٦ی ئابدا گوتی: نامانەوێ کەس داوای دواخستنی هەڵبژاردنمان لێ بکات. وتەبێژی پارتی دەڵێ بەلانی کەمەوە ٤٢ کورسی دەهێنین و لە پێگەو دەنگی حزبەکەی دڵنیایە. بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیش دەق هەمان ژمارە دووپات دەکاتەوە. بەو مانایە بێ ئەو دوو حزبە لە هەڵبژاردن ناترسێن و لە خۆیان دڵنیان، کەواتە دەبێ کێ بترسێ؟ بە قسەی پارتی و یەکێتی بێ ئەوە موعارەزەیە کە دەنگ کەم دەهێنێ و ژمارەی کورسییەکانی خۆیان ناهێننەوە! لەکاتێکدا ئۆپۆزیسیۆن دەڵێن خۆمان بۆ هاتنە سەرکار سازدەکەین!. قەول بوو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دوای ٨/٢٠ لە پەرلەمان بکشێنەوە، بەڵام ئێستا دەڵێن لە کۆبوونەوەی گرنگ بەشداری دەکەین. با بڵێین ئەوە هەمووی بەشێکە لە پرۆپاگەندەی سیاسی و هەر حزبە دەیەوێ جارێ بەو قسانەی جەماوەری خۆی بدات و خۆی بەهێزو دڵنیا نیشان بدات، بەڵام وەك سەرنج دەدرێ هیچ لایەنێکی سیاسی بە ڕەسمی نایەوێ بچێتە ژێر باری پێشنیازەکەی کۆمیسیۆن و بە (ئەرێ) وەڵام بداتەوەو هەڵبژاردن دوا بکەوێ. تەنانەت سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش ئەو کێشەیەی لەسەر خۆی لابرد و خستیە ئەستۆی سەرۆکایەتیی هەرێمەوە کە دەبێ بڕیاری دواخستن بدات یان نا. دیارە پێشتر وەڵامی سەرۆکایەتیی هەرێم ڕوون بووەو نایەوێ هەڵبژاردن لە وادەی دیاریکراوی خۆی دوا بکەوێ.. لەکاتێکدا باس لە هەندێ گرفتی تۆماری دەنگدەران دەکرێ و لەوانەیە ئەگەر بەگوێرەی ئەو تۆمارە هەڵبژاردن بکرێ و چەند لایەنێك ئەنجامەکەیان بەدڵ نەبێ، تانە لەسەرجەم پرۆسەکە بدەن و قبوڵ نەکەن و ئەودەم کێشەی شەرعیەت و ناشەرعیەت بێتە گۆڕێ و پرۆسەکەی پێ لە ڕێ دەربکرێ.

پێموایە، ئەوە ئەرکی پەرلەمانە کە دەبێ بڕیاری کۆتایی خۆی بدات، چونکە لە ٦/٣٠ بەقانوون جەخت لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان کراوەتەوە. بۆ وەڵامدانەوەی پێشنیازەکەی (چ بە بەڵێ و چ بە نەخێر)، داخوا بەتەنیا وەڵامی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەسە، یان وەڵامی سەرۆکی فراکسیۆنەکان کافییە، یان پێویست بە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمان دەکات، چونکە تا ١١/١ پەرلەمان شەرعییەتی هەیە!

**پارتی و یەکێتی لەو ئاخاوتن و قسانەی دەیکەن، جەخت لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا دەکەنەوەو تەنانەت پارتی لەسەر زاری سکرتێرەکەی لە یادی ١٦ی ئابدا گوتی: نامانەوێ کەس داوای دواخستنی هەڵبژاردنمان لێ بکات**











# کۆڕەوی کوردستانی ڕۆژئاوا پەیامی نەتەوەیەک بۆ سەدەی بیست و یەک

((دوژمنی دوژمنەکەشمان ... دوژمنی کوردە))



ریچارد هاس سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لە تازەترین وتاریدا سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەسوریا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، بارودۆخی سوریا بۆ ئەمریکا لۆژیکێکی سیاسیی پێچەوانە کردۆتەوە کە دەڵێت: (دوژمنی دوژمنەکەت دۆستمە)، لەبەر ئەوەی ئێستا لەسوریا ئەوەی بەشێکی گرنگی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە لایەنە ئیسلامیە توندڕۆکانی سەر بەرێکخراوی قاعیدەن، ئەمانە راستە دوژمنی رژێمی بەشار ئەسەدن، بەڵام دوژمنی ئەمریکاشن، کەواتە بۆ ئەمریکا لە هاوکێشەی سوریادا (دوژمنی دوژمنەکەی دوژمنی ئەمریکایە)، ئەم حاڵەتە ئەگەر وەك ریچارد هاس لە هاوکێشەی سوریا وێنای کردووە بۆ ئەمریکا راست بێت، ئەوا بەدیوێکی دیکەشدا بۆ کورد لە کوردستانی رۆژئاوا راستە، لەبەر ئەوەی کۆڕەوی کوردانی رۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان لەترسی هێرشی رژێمی ئەسەد نییە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی سوریا، بەڵکو لەترسی هێرشی ئەو لایەنە ئیسلامیە سیاسییانەیە کە سەر بەرێکخراوی ئەلقاعیدەن و لەبەر جیاوازی نەتەوەیی، گەلێکی موسڵمانی وەك کورد تەکفیر دەکەن و سەروماڵیان حەڵاڵ دەکەن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە تاوانێکی دەگمەن و قێزەونی دژە مرۆڤایەتی بێت بۆ سەدەی بیست و یەك، ئەوا هێرشی دڕندانەی جەبهەی نەسەرەی سەر بە قاعیدە بۆ سەر کوردستانی رۆژئاوا و ناچاربوونی کوردانی رۆژئاوا بە کۆڕەو کردن بەرەو کوردستانی باشور، ئەمە نەك هەر تاوانێکی مرۆڤایەتی دڕندەیە، بەڵکو ئەمە گێڕانەوەی مێژووی وەحشیەتگەرییە بۆ سەردەمە تاریکەکانی مێژوو، کە تاقمێك لەژێر پەردەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، گەلێکی موسڵمان تەنیا لەسەر جیاوازی نەتەوەیی قەتلوعام دەکەن، هەربۆیە هەتا ئەگەر پشکێنەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەی سەلمێنەریشیان بکەوێتە بەردەست بەوەی رژێمی ئەسەد چەکی کیمیایی دژی گەلی خۆی و نەیارانی رژێمەکەی بەکارهێنابێت، ئەوا هێشتا پاکانەی ئەسەد بۆ ئەم کارە نامرۆڤایەتیە لە پاکانەی ئەو هێزە ئیسلامیانە باشترە کە بەبێ هیچ هۆکارێك فەتوای کۆمەڵکوژی کوردانی کوردستانی رۆژئاوا دەدەن، لەبەر ئەوەی کوردانی کوردستانی رۆژئاوا تەنیا داوای ئەو مافە سروشتیانەی خۆیان دەکەن کە خوای گەورە بە هەموو گەل و نەتەوەیەکی بەخشیوە و، کورد داوای ئەوەی نەکردووە جەبهەی نەسرە دژی رژێمی ئەسەد نەجەنگێت یان شەڕ نەکات، بەڵکو داکۆکی لەمافە نەتەوەییەکانی خۆی دەکات و نایەوێت کەس ئەو مافانەی لێ پێشێل بکات.

**کۆڕەوی کوردانی رۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان لەترسی هێرشی رژێمی ئەسەد نییە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی سوریا، بەڵکو لەترسی هێرشی ئەو لایەنە ئیسلامیە سیاسییانەیە کە سەر بەرێکخراوی ئەلقاعیدەن و لەبەر جیاوازی نەتەوەیی، گەلێکی موسڵمانی وەک کورد تەکفیر دەکەن و سەروماڵیان حەڵاڵ دەکەن**

**ئەگەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە تاوانێکی دەگمەن و قێزەونی دژە مرۆڤایەتی بێت بۆ سەدەی بیست و یەک، ئەوا هێرشی دڕندانەی جەبهەی نەسەرەی سەر بە قاعیدە بۆ سەر کوردستانی رۆژئاوا و ناچاربوونی کوردانی رۆژئاوا بە کۆڕەو کردن بەرەو کوردستانی باشور، ئەمە نەک هەر تاوانێکی مرۆڤایەتی دڕندەیە، بەڵکو ئەمە گێڕانەوەی مێژووی وەحشیەتگەرییە بۆ سەردەمە تاریکەکانی مێژوو**

### کێشەی کورد کێشەی نەتەوەییە
### دوژمنانمان دژی کوردبوونمانن

بۆ ئێستا زۆر گرنگە کۆڕەوی کوردستانی رۆژئاوا، لەگەڵ هۆکاری ئاوارەبوونی هاووڵاتیانی عەرەبی سوریا بۆ وڵاتانی دراوسێی سوریا تێکەڵ نەکرێت، لەبەر ئەوەی هۆکاری ئاوارەبوونی هاووڵاتیانی عەرەبی سوریا هۆکارێکە و ئەنجامدانی کۆڕەوی چەند سەد هەزاری کوردی رۆژئاواش بۆ باشوری کوردستان هۆکارێکی دیکەیە، جیاکردنەوەی ئەم دوو هۆکارە لەیەکتری



دەبێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کێشەی کورد لە کوردستانی رۆژئاوا سەیری ئایندەی بارودۆخی سیاسیی سوریا بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، ئەگەر ئێستا جیهان چارەسەری کێشەی سوریا بە شێوەیەکی گشتی لە رووخانی رژێمی ئەسەد کۆبکاتەوە، ئەوا راستە رووخانی رژێمی ئەسەد بۆ کوردیش وەك هەر پێکهاتەیەکی دیکەی سوریا گرنگە، بەڵام پرسی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بە تەنیا بە رووخانی رژێمی ئەسەد، کێشەی کورد لە کوردستانی رۆژئاوا چارەسەر

ناکرێت و، هەروەك چۆن ئیستا کورد رووبەڕووی شاڵاوی دڕندانەی ئیسلامیە توندڕۆکان بۆتەوە، ئەوا هیچ دوور نییە دوای رووخانی رژێمی ئەسەدیش ئەوەی لەسەردەمی رژێمی ئەسەد کورد بەسەری هاتووە، جارێکی دیکە دووبارە بێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ئەزموونی کوردستانی باشور وەك نموونەیەك بۆ کوردستانی رۆژئاوا ئاماژە پێبکەین، ئەوا دەبێت چۆن لە باشوری کوردستان هەنگاوەکان بۆ ئەوەن کە جارێکی دیکە کورد دووچاری ئەو نەهامەتیە نەبێتەوە کە لەسەر دەستی رژێمی پێشووی بەعس دووچاری ببووەوە، ئەوا بۆ کوردانی رۆژئاواش پێویستە هەمان ملیۆنییەبوو کە گەلی کوردستان لەباشور دژی رژێمی بەعسی عێراق ئەنجامیدا، خاڵی گرنگ لەو وەرچەرخانەی ئەم کۆڕەوە دروستی کرد، بوونی بەرەی کوردستانی بوو لەو کاتەدا کە توانی کێشەی کورد لە باشور لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییە حزبیەکانەوە سەیر بکات و توانی سەرنجی هەموو جیهان بەو ئاراستەیە رابکێشێت بەوەی کۆڕەوی کورد ئەو پەیامەیە کە چیدیکە رازی نابێت بەژێر دەستەیی و چەوساوەیی بژی، هەر ئەمەش بوو وایکرد کە دەنگی کورد بۆ پشتگیریکردنی کۆڕەو بە یەکگرتوویی دەربکەوێت و سەرنجی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی رابکێشێت و

زۆر گرنگە لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا تێکڕا بگەڕێنەوە بۆ رێککەوتنی هەولێر و هەموویان لەچوارچێوەی یەک ئەنجوومەندا یەک دەنگ و یەکڕیز لەسەر ئەم پرسە هەڵوێست وەربگرن، بە پێچەوانەوە بوونی ناکۆکی یان دووبەرەکی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژئاوا، لەبایەخی پرسە نەتەوەییەکە کەمدەکاتەوە



سیاسەت پیادەبکرێت و هەوڵەکان لەو پێناوە بن ئەوەی کورد لەسەر دەستی رژێمی ئەسەد لە رابردوو دووچاری بۆتەوە، نابێت رێگە بدرێت ئەو نەهامەتیە دووبارە بێتەوە، ئەمەش پێویستی بە دارشتنی سیاسەتێکی نیشتمانی ئەوتۆ هەیە کە بتوانرێت لەم بارودۆخە ناسکەدا ئەم کۆڕەوە سەرنجی جیهانی بۆ چارەسەری کێشەی کوردی لە کوردستانی رۆژئاوا پێ بکرێت.

### کۆڕەوی باشور وانەیەك بۆ رۆژئاوا

ئەو بارودۆخەی دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بۆ باشوری کوردستان هاتە ئاراوە، ئاکامی ئەو کۆڕەوە جیهان ناچار بوو بیر لە رێگەچارەیەك بکاتەوە بۆ ئەوەی نەتەوەیەك لە کارەساتێکی مرۆیی گەورە و پەناهەندەیی رزگار بکات.

کەواتە ئەگەر کۆڕەوی باشوری کوردستان لە کۆتایی سەدەی رابردوو پەیامی گەلی کورد بووبێت لە باشور بۆ ئەوەی چیتر نەتەوەیەك ناتوانیت بەژێر دەستەیی بژی، ئەوا ئەو کۆڕەوەی کە ئێستا کوردانی رۆژئاوا بۆ باشوری کوردستان ئەنجامیانداوە، لەچەند روویەکەوە ئاکامی باشتر لە کۆڕەوی باشوری کوردستانی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر بێتوو هەموو لایەنە سیاسییەکانی

هۆکاری ئاوارەبوونی هاووڵاتیانی عەرەبی سوریا هۆکارێکە و ئەنجامدانی کۆڕەوی چەند سەدهەزاری کوردی رۆژئاواش بۆ باشوری کوردستان هۆکارێکی دیکەیە و، پێویستە تێکەڵ بەیەک نەکرێت

**ئەگەر لەسەرەتای نەوەدەکان تەنیا بەدەنگەوە هاتن لەسەر پرسی کورد بەتەنگەوە هاتنێکی مرۆیی بووبێت، ئەوا ئەمڕۆ کە سەرۆک بارزانی لەسەر ئاستی جیهان وەک سەرۆکی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، پشتیوانییەکی گەورەیە بۆ ئەوەی پرسی کوردانی ڕۆژئاوا هەم لەڕووی مرۆیی و هەم لەڕووی سیاسییەوە کاری جددی لەسەر بکرێت**

کوردستانی ڕۆژئاوا ئەم پرسە وەك پرسێکی نەتەوەیی بخەنە سەرووی بەرژەوەندی حزبی و یەك دەنگ و یەك هەڵوێست لەسەر مەسەلەی کۆڕەو مامەڵەبکەن و هەوڵبدەن ئەم ڕووداوە بکەنە وەرچەرخانێك بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لەم بارودۆخەدا کە هەلومەرجی ئێستای کورد بە بەراورد بە هەلومەرجی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەبارترە، ئەم بارودۆخە لەبارەش دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١. کۆڕەوی ڕۆژئاوا لە کاتێکدایە کە لە باشووری کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووی حکومڕانی بوونی هەیە و ئەم ئەزموونە سەرنجی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، کورد وتەنی سەرکەوتنی ئەزموونی باشووری کوردستان ئەو زەمینەیەی دروستکردووە بەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوە پەشێمان نەبێت کە نەوای ئارامی بۆ بەشێکی کوردستانی باشوور دروستکرد.

٢. پێگە و شکۆی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بوونی سەرۆك بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك سەرکردەیەکی ئاشتیخواز، ڕوویەکی گەشی دیکەی بە خەباتی ڕزگاریخوازیانەی گەلی کوردستان لەهەر چوارپارچەی کوردستان بەخشیوە، باشترین نموونە لەمبارەوە دەنگدانەوەی داواکاری بەڕێز سەرۆك بارزانی لە میدیاکانی جیهان سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵکوژی کوردانی ڕۆژئاوا بەدەستی ڕێکخراوی جەبهەی نەسرەی سەر بە قاعیدە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر لەسەرەتای نەوەدەکان تەنیا بەدەنگەوە هاتن لەسەر پرسی کورد بەتەنگەوە هاتنێکی مرۆیی بوبێت، ئەوا ئەمڕۆ کە سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی جیهان وەك سەرۆکی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، دیسان ئەمەش پشتیوانییەکی گەورەیە بۆ ئەوەی ئەم پرسە هەم لەڕووی مرۆیی و هەم لەڕووی سیاسییەوە کاری جددی لەسەر بکرێت.

٣. خاڵی گرنگ بۆ سوود وەرگرتن لە کۆڕەوی کوردانی ڕۆژئاوا، یەکڕیزی و یەك هەڵوێستی حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانە لە کوردستانی ڕۆژئاوا، لەم بارودۆخەدا پێویستە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن، کە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو ئاکامە باشەی کۆڕەوی باشور بەدەستی هێنا، ئەوەبوو لەو کاتەدا هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باشور لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی بەیەك دەنگ و بەیەك ڕیزی کاریان دەکرد و داکۆکیان لەم پرسە نەتەوەییە دەکرد، بۆیە لەم قۆناخەدا زۆر گرنگە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا تێکڕا بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنی هەولێر و هەموویان لەچوارچێوەی یەك ئەنجوومەندا یەك دەنگ و یەکڕیز لەسەر ئەم پرسە هەڵوێست وەربگرن، بەپێچەوانەوە بوونی ناکۆکی یان دووبەرەکی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا، لەبایەخی پرسە نەتەوەییەکە کەمدەکاتەوە.

٤. بوونی ئەزموونی هەرێمی کوردستان پشتیوانییەکی گەورەیە بۆ پەناهەندەکانی ڕۆژئاوا، لەبەر ئەوەی ئەوان هاتوون بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام هاتنی ئەوان بۆ بەشێکی دیکەی وڵاتی خۆیان بەو مانایە نییە بۆ ئەوەی کوردستانی ڕۆژئاوا چۆڵبکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە باشوری کوردستان وەك نەوایەکی ئارامی کاتی سوودی لێوەربگیرێت بۆ ئەوەی جیهان هەمان ئەزموون لە ڕۆژئاوا دووبارە بکاتەوە.

٥. لایەنێکی دیکەی ئەرێنی بۆ بەرژەوەندی کوردانی ڕۆژئاوا، ئەو زەمینەیە کە ئێستا بۆ گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر بەڕێوە دەچێت، ئەم کۆنگرەیە کە بڕیارە لە ئاییندەیەکی نزیك گرێبدرێت، گومانی تێدانییە پرسی گرنگ و سەرەکی ئەم کۆنگرەیە کێشەی کوردستانی ڕۆژئاوا دەبێت و ئەم کۆنگرەیەش کە نوێنەرانی وڵاتانی دراوسێ و جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان تیایدا ئامادە دەبێت، پەیامی خۆی سەبارەت بەم پرسە بە جیهان ڕادەگەیەنێت و ئەم پەیامەش کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت.

کەواتە لەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەلومەرجی بابەتی و بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبارە، ئەوەی دەمێنێتەوە هەلومەرجی خودی نەتەوەییە کە خۆمان بزانین چۆن و بەچ ئاراستەیەك هەنگاوی بۆ هەڵدەگرین.


**گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئەوەبدات کە نەوایەکی ئارام لە کوردستانی ڕۆژئاوا بۆ کورد دروست بکات و پاراستنی ئەم ناوچە ئارامە بخاتە سەرشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە زەمینەی ئەوە دروست بێتەوە کە ئەوانەی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەنراون بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان**

## کۆڕەوی سەدەی بیست و یەك ماناو مەغزای تایبەتی هەیە

لەدوای بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دەوروبەری دیمەشق، زۆر لە شرۆڤەوان و پسپۆڕان بەوجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە دەکەن، بەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کێشەی ناوخۆیی و دژی گەلەکەی خۆی لەسەدەی بیست و یەکەمدا جیاوازە لەگەڵ بەکارهێنانی لەسەردەمێکی دیکەدا، بۆیە ناکرێت تەنیا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی وەك بەکارهێنانی چەکێکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەلایەن تەنیا ڕژێمێکەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو پێویستە کاردانەوەکان بەوجۆرە بن کە جارێکی دیکە هیچ ڕژێمێك یان لایەنێکی دیکە بیر لەبەکارهێنانی



نەکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت هەڵوێست وەرگرتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمایی وەڵامدانەوە بێت بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە چەکی قەدەغەکراوی دیکەشیان هاوشێوەی چەکی ئەتۆمی و بایلۆژیان هەیە، ئەگەر ئەم حاڵەتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمایی بەو حسابەی چەکی کیمیایی هۆکارێکە بۆ کۆمەڵکوژی، ئەوا دەبێت هەموو ئەو حاڵەتانەی کە بەمەبەستی کۆمەڵکوژی هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت و گەلێك ناچار دەکرێت بەکۆمەڵ ڕەو بکات، ئەوا دەبێت لەسەدەی بیست و یەکەم کاردانەوە بەرامبەر کۆڕەو هاوشانی کاردانەوە بێت بەرامبەر بە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر راشکاوانەتر لەسەر ئەم پرسە قسە بکەین، ناکرێت گەلێك لەتاوی کۆمەڵکوژی کۆڕەو بکات، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا وەك پرسێکی مرۆیی سەیری ئەم کێشەیە بکات، بەڵکو پێویستە ئەم پرسە بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە هەردوو ئاستی مرۆیی و سیاسیی بگرێتەوەو، تەنیا لەچوارچێوەی مرۆیی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم کێشەیە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی سیاسییەو پێویستی بەوە هەیە بە شێوەیەکی ریشەیی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کارەساتی لەم شێوەیە دووبارە نەبێتەوە، لەمەش گرنگتر پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە کێشەی ئەو نەتەوانەی کە رق و کینەی نەتەوەی سەردەست دەگاتە ئەو ئاستەی کە کۆمەڵکوژی بەرامبەر نەتەوەی بن دەست ئەنجامبدات، ئەوا ئەزموونی چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان لە جیهاندا ئەوەی بەدیار خستووە، لە قۆناخی یەکەمدا پێویستە هەردوو نەتەوەکە لێکجیابکرێنەوە و مەودایەك لە نێوانیان دروست بکرێت بۆ ئەوەی زەمینەی ئەوە دروست بێت کە هەردوولا ئامادەباشیان تێدا دروست بێت بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن، لەم حاڵەتەدا گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئەوەبدات کە نەوایەکی ئارام لە کوردستانی رۆژئاوا بۆ کورد دروست بکات و پاراستنی ئەم ناوچە ئارامە بخاتە سەرشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە زەمینەی ئەوە دروست بێتەوە کە ئەوانەی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەنراون بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، لەمەش پێویستتر ئەوەیە ئەم ناوچە ئارامە دەبێت بەردەوامی هەبێت هەتا دوای ئەوەی رژێمی ئەسەد دەڕووخێت و دەسەڵاتی دوای ئەسەد ئامادەباشی پیشاندەدا کە دان بەمافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژئاوا بنێت.



## عەدنان حوسێن

**نووسەر و شرۆڤەوانی سیاسیی بۆ گوڵان:**

# پەنابەرانی کورد لە ترسی هێرشی تیرۆریستان و چەکدارانی ئەسەد روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە

**عەدنان حوسێن یەکێکە لە نووسەر و شرۆڤەوانە سیاسییەکانی عێراق کە بێجگە لەوەی بەردەوام نووسینەکانی لە رۆژنامەکانی عێراقدا بڵاودەبنەوە، لەهەمانکاتدا یەکێك بووە لە نووسەرە دیارەکانی رۆژنامەی (الحياة) و بەردەوام قەڵەمێکی بوێر بووە و داکۆکی لە پرسی کورد و گەلانی عێراق کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای سوریا و کۆڕەوی کوردانی سوریا لە ترسی هێرشی تیرۆریستان و چەکدارانی رژێم، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ عەندنان حوسێن ئەنجامداوە و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بارودۆخی سوریا بە ئاستێکی زۆر ترسناکدا تێدەپەڕێت و قەبارەی توندوتیژی و کردەوەی سەربازی پەرەی سەندووە، ئەمەش بووە هۆی کۆچکردنی هەزاران هاووڵاتی کە پەنایان بۆ کوردستان و ناوچەکانی دیکە بردووە، ئێوە ئەم هەڵکشانەی بارودۆخەکە چۆن دەخوێننەوە؟**

- ئەم بارودۆخەی ئێستای سوریا مایەی نیگەرانییەکی زۆرە بۆ وڵاتەکەو بۆ سەرجەم ناوچەکە، دیارە لێرەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کەمتەرخەمە بەرامبەر ئەم رەوشەی سوریا، ئەوان زۆر ئاسانکارییان بۆ رژێمی بەشار ئەسەد دابین کردووە هەر ئەمەش بوو کە زیاتر هانی ئەو رژێمەی داوە هەرچی لەدەستی بێت لە وەڵامدانەوەی خەڵکەکە بە چەك و کوشتن و بۆردومانکردنی ناوچەکانیان درێخی نەکات. دیارە گەلانی ناوچەکە زۆر لەم هەڵسوکەوتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکات لە مامەڵەی تاوانکاریی رژێمی ئەسەد نیگەرانن، چونکە من پێموایە کە ئەم رەوشە لە چەند مانگێکی داهاتوودا رەنگە زیاتر گرژی و توندوتیژی بەخۆوە ببینێت کە کارەساتی گەورەتر و مەترسیدارتری بەدواوەبێت، بە تایبەتیش کە کار گەیشتە ئەوەی چەکی کیمیایی بەکار بهێنرێت، بۆیە پێویستە لەسەر وڵاتانی زلهێز و نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرتاپای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە دەستەوەسان بەرامبەر ئەو تاوانە نامرۆییانەی رژێمی ئەسەد نەوەستن بەڵکو بێنەدەنگ و ریسوای بکەن، بە پێچەوانەوە ئەم رژێمە دەستی دەچێتە زیاتر خوێن رشتن و دەربەدەرکردنی گەلی سوریا بە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانییەوە.

*** تۆ پێتوایە بە چ شێوازێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان لەم بارودۆخەی ئێستای سوریادا بکات؟**

- ئەمە تەنیا بەوە دەکرێت کە لەڕێی سەربازییەوە دەستێوەردان بکات وەك ئەوەی کە لە لیبیا ئەنجامی دا، هەروەها گوشار بخاتە سەر هاوپەیمانەکانی رژێمی ئەسەد وەك روسیاو چین و ئێران کە چیدیکە پشتگیری لەم رژێمە خوێناوی و تاوانبارە نەکەن، بۆیە من پێموایە



**دەبێت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەهەمان شێوەی ئاوارەکانی سنوری تورکیا و ئەردەن مامەڵە لەگەڵ کوردانی سوریا لە هەرێمی کوردستان بکات**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەمتەرخەمە بەرامبەر ئەم ڕەوشەی سوریا، ئەوان زۆر ئاسانکارییان بۆ ڕژێمی بەشار ئەسەد دابین کردووە**

**پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەڕێی سەربازییەوە دەستێوەردان بکات وەک ئەوەی کە لە لیبیا ئەنجامی دا، هەروەها گوشار بخاتە سەر هاوپەیمانەکانی ڕژێمی ئەسەد وەک ڕوسیاو چین و ئێران کە چیدیکە پشتگیری لەم ڕژێمە خوێناوی و تاوانبارە نەکەن**

که کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دەستێوەردانی سەربازی دوودڵ نەبێت، دەکرێ لەژێر ناوی هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە کە کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر سەرجەم وڵاتانی دنیا و بەرژەوەندییەکانیان هەیە ئەم هەڵمەتە ئەنجام بدات بە پشتیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاساییش، ئەگەرنا ئەو ڕژێمە هەروەکو سەدام حوسێن گاڵتە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، کاتێ بە چەکی کیمیایی شاری هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکەی عێراقی بۆردمان کرد و هەر بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو هەڵمەتی فراوانی ئەنفال و جینۆسایدی بەرامبەر بە کورد ئەنجام دا، وێڕای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە کوردستان و باشووری عێراق و ئینجا داگیرکردنی وڵاتی کوێت و زۆر شتی دیکە.

*** ئێستا نزیکەی ١٦٠ هەزار پەنابەری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان روویان لە هەرێمی کوردستان کردووەو هیچ پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیش تا ئێستا بۆ ئەم پرسە مرۆییە نەکراوە، بەڕای ئێوە لەم قۆناغەدا چی پێویستە؟**


- هیچ بوارێك نییە لەبەردەم گەلی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەلانی عێراق و حکومەتی بەغدا، تەنیا واڵاکردنی دەروازەکان نەبێت و پشتیوانی و هاوکاری کردنی پەنابەران بکەن، چونکە ئەوانە هاووڵاتی سڤیلی بێ گوناهن و لەدەست غەدر و ستەمی چەکدارانی تیرۆریست و هێزەکانی ڕژێم هەڵاتوون و ئاوارەبوونە، بۆیە ئەگەر هەماهەنگی هەبێت لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا لەڕێی وەزارەتی دەرەوەو کەناڵە فەرمییەکانەوە بۆ ڕاکێشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامودەزگا خێرخوازەکان تاکو دەستی یارمەتی بۆ ئەو پەنابەرانە رابکێشێت ئەوە شتێکی زۆر باشە هەروەك چۆن بۆ ئاوارەکانی سوریا لەسەر سنووری تورکیاو ئوردون و لوبنان کراوەو لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە هەموو یارمەتییەکی مرۆییان پێشکەش دەکرێت.

*** ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت ڕەوشی سوریا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەچێت، ئایا کاریگەریی ئەمە بۆ سەر ڕەوشی عێراق بە گشتی چۆن دەبینیت؟**

- دیارە زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان و سەرهەڵدانی توندوتیژی و کردەوە تیرۆریستییەکان بە شێوەیەکی فراوانتر ئەمانە هەمووی کارەسات و مەینەتیی زیاتر بۆ گەلانی سوریا دەهێنن، ئەو پەرەسەندنە ترسناکەی ڕەوشی سوریا کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر عێراق دەبێت، هەر لەبەر ئەوەیە کە دەبوایە حکومەتی فیدراڵی عێراق هەر لەسەرەتای قەیرانەکە هەڵوێستێکی دیارو ڕوونی هەبووایە لەئاست ئەو ڕەوشە و تا بەم شێوەیە پەرەی نەسەندبایە کە دیارە سەرەتای ململانێی تایفی و دەمارگیریی خەریکە سەرهەڵدەدات و بەمەش پروشکی ئاگری ئەم قەیرانە ئێمەش دەگرێتەوە، هاوکات تێبینی ئەوە دەکرێت کە حکومەتی فیدراڵ بە شێوەیەك لە شێوەکان پشتگیریی لە ڕژێمی ئەسەد دەکات و ڕێگە بۆ گەیشتنی چەك و یارمەتیی سەربازی بۆ ئەم ڕژێمە خۆش دەکات و ئەمەش وایکردووە کە چەکدارانی قاعیدەو تیرۆریستان دزە بکەنە ناو خاکی سوریاوە و بە پێچەوانەشەوە لە عێراق پەرە بە کاری تیرۆریستی بدەن.

*** دیارە هیچ جیاوازییەك لە ئارادانییە لەنێوان ئەوەی کە لە عێراق ڕوودەدات و لە نێوان ئەو کارەساتەی بەسەر سوریادا هاتووە، بە تایبەتیش کە ڕۆژانە خوێنی دەیان کەس بەبێ تاوان دەڕژێت؟**

- هەروەکو ئاماژەم پێ کرد، هەڵەکە لە حکومەتی بەغداوەیە، ئەگەر لەسەرەتاوە لایەنگیریی گەلی سوریای دژی ڕژێمی ئەسەد بکردایە، بارودۆخەکە بەم شێوەیە نەدەبوو، گەلی سوریا لە هەشتاکان و نەوەدەکان هەڵوێستی ئیجابیان هەبووە بەرامبەر گەلانی عێراق، کە بەغداش بەهەمان شێوە دەبوو ئەو چاکەیەی لەبەرچاو بووایە، بەڵام بۆ هەموو لایەك ڕوون بووەوە کە بە پێچەوانەوە بە هەر جۆرێك بێت هەڵوێستەکەی حکومەتی بەغدا زیاتر بەلای ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە بوو.




## یوسی میکلبێرگ
### تۆژەری باڵا لە چاتام هاوس بۆ گوڵان:
# ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پرسی سوریا نەگەنە بڕیارێک ئەوا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاو بەخۆیدا بخشێنێتەوە

**پرۆفیسۆر یوسی میکلبێرگ تۆژەری باڵایە لە ئامۆژگای چاتام هاوس بۆ دیراساتی کاروبای نێودەوڵەتی لەبەریتانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب - ئیسرائیل، هەروەها تۆژەری باڵاشە لە پرۆگرامەکانی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سوریا و ئەو بارودۆخە نالەبارەی رووبەڕووی گەلی سوریا بۆتەوە کە مەزندەی ئەوە دەکرێت گەورەترین کارەساتی مرۆیی لێ بکەوێتەوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر میکلبێرگ ئەنجامداوەو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتۆتە ئاخاوتن.**

*** بارودۆخی سوریا بەرەو کارەساتێکی مرۆیی دەڕوات، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتە بوونەتە پەنابەر و خەڵکانێکیش بە چەکی کیمیایی هێرشیان دەکرێتەسەر و دەکوژرێن، پرسیارەکە ئەوەیە تاکەی جیهان بێدەنگ دەبێت لە ئاست ئەم کارەساتە؟**

- ئەمە شەڕی ناوخۆییە لە سوریا و ماوەی دوو ساڵە بۆتەهۆی ئەوەی نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس بکوژرێن و زیاتر لە ملیۆنێك کەس ئاوارە بن، ئەو بانگەشانەی باس لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکەن و باس لەوە دەکەن دەبێت جیهانیش هاووڵاتیانی مەدەنی بێتاوان بپارێزێت، ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئیلتزامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی-بە پاراستنی خەڵکی بێتاوانەوە، واتە مەسەلەکە هەر ئەوەنییە مافی ئەوەیان هەیە بیانپارێزن، بەڵکو ئەرکیانە بیانپارێزن، هەر بۆیە ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەوەیە کە ئەو بارودۆخەی زیاتر لە دوو ساڵە درێژەی کێشاوە لە سوریا، ئێستا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی روونی هەبێت، واتە راشکاوانە هەڵوێستی خۆی دیاری بکات بەوەی ئایا هەڵوێستی چی دەبێت پێویستە چی بکرێت، ئەگەر کارێك نەکرێت، ئەوا هەموومان تاوانمان هەیە لەوەی لە سوریا روودەدات.

*** ئەگەر بارودۆخی سوریا لەسەر ئاستی سیاسیی بووێتە هۆی جەمسەرگیری لەنێوان رۆژئاوا و روسیادا، بەڵام ئێستا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە روانگەی کارەساتی مرۆییەوە سەیری بارودۆخەکە بکات، نەك لە روانگەی ئەم جەمسەرگیری و دابەشبوونی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە کۆی دەنگی چی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کارەساتە مرۆییە؟**

- هەروەك پێشتر باسم کرد کێشەیەکی مرۆیی گەورە هەیە کە پێویست بەوە دەکات ئەم شەڕە بوەستێنرێت، لەڕاستیدا بەرژەوەندی ناکۆك بە یەك هەیە لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپا و روسیا و چین و تورکیا و سعودیە و قەتەر کە بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانن بگەنە بڕیارێك. بەڵام ئەمە بارودۆخێکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بۆ سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە ئەگەر نەتوانن ئەم شەڕە خوێناویە بوەستێنن و لەسەر ئەوە نەگەنە رێککەوتن کە چۆن بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن بۆ وەستاندنی، ئەوا نیشانەی پرسیار لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان دروست دەکات. دەقا و دەق نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوە دروست بوو کە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کێشانەدا بکات، ئەگەر ئەمەی بۆ نەکرێت، ئەوا ئەو کاتە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە لە ئاست نەتەوە یەکگرتووەکان و لەئاست ئەنجومەنی ئاسایش و لە ئاست ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخێکی لەم شێوەیە بکەین کە هەڵوێستی هاوبەش نییە، بەڵام گومان لەوەدانییە کە پێویستە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بوەستێنرێت کە لە سوریادا روودەدات، ئەگەر ئەم کارە نەکەن، ئەوا ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی هەموومان، ئۆباڵی ئەو هەموو کوشتنە و رەنگە ئۆباڵی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییش و ئۆباڵی ئەشکەنجەدانی خەڵك و بێ و ماڵ و حاڵکردنی خەڵکیش.

*** پێشتر ناوچە کوردییەکانی سوریا ئارام بوون، بەڵام ئێستا بەهۆی کۆمەڵکوژییەکانی جەبهەی ئەلنوسرەوە خەڵکی لەو ناوچانە هەڵدێن و تەنیا لە هەفتەی رابردوودا ١٠٠ هەزار ئاوارە هاتنە نێو هەرێمی کوردستانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەبێت بێدەنگی ببینین لە ئاست کۆمەڵکوژی بەشێکی نەتەوەی سوریا لەلایەن ئەل قاعیدەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی جیاوازە و پرسیارێکی گرنگیشە کە بریتییە لە پرسی دەستێوەردانی هێزە دەرەکیەکان لە سوریا، تێوەگلانی جیهادی و ئیسلامیە جیهادی و ئوسولیەکان لەم شەڕە ناوخۆییەدا.. یەکێك لە کێشەکانی شەڕی ناوخۆیی سوریا بریتییە لە نەبوونی یەکڕیزی لە نێوان سوریەکان- ئیتر کورد بن یان مەسیحی یان سوننی- لە ئاست رژێمەکەی ئەسەددا، ئۆپۆزسیۆن لە سەرەتاوە یەکڕیز نەبوون و هەر لایەك بە تەنیا هەوڵی رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەدی داوە و هەرلایەك بە تەنیا تێڕوانینی خۆی بۆ ئەو رژێمە گەڵاڵەکردووە کە دواتر دروست دەبێت. بە داخەوە ئەمەش دەرفەتی دروستکرد کە جیهادیەکان بێنە ناوەوە کە ئەجێندای جیاوازیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوان سوریایەکی باشتریان ناوێت، بەڵکو دەیانەوێت- ئەگەر گوزارشتەکە راست بێت- تێڕوانینی جیهادیزم و توندڕەوی خۆیان بۆ دەرەوە هەناردە بکەن، پێموایە ئەمە مەترسیەکی راستەقینەیە و پێویستە بەرگری لێبکرێت.

*** بۆچوونتان چیە لەبارەی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامەوە، لەبەر ئەوەی کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاری و برسێتی هەیە و هاوکاریەکانیش بەهۆی شەڕ و ناسەقامگیرەوە وەك پێویست ناگەنە خەڵکەکە، تا چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت ناوچەیەکی ئارام لە ناو سوریادا دروست بکات؟**

- ئەمە تەنیا پەیوەست نییە بە ناوچەیەکی ئارامەوە، بەڵکو بە دروستکردنی ناوچەیەکی دژە فڕینەوە بۆ ئەوەی مەدەنیە بێتاوانەکان بپارێزرێن، مەسەلەکە لای رۆژئاوا و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەنییە لە دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین و پاراستنی- خەڵکەکە- دەستپێبکرێت بۆ ئەوەی دواتر پتر دەستێوەردان بکرێت تادەگاتە گۆڕینی رژێمەکە، وەك ئەوەی لە لیبیا روویدا، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە روسیا و چین دژی دەوەستنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزترە، چونکە سوریایە. بەڵام ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئەوا نەك هەر شەڕەکە درێژ دەبێتەوە، بەڵکو خەڵکێکی زیاتر دەکوژرێت و خەڵکێکی زیاتر ئاوارە دەبێت لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

*** حاڵی حازر بەشێکی گرنگی موعارەزەی سوری ئیسلامیە توندڕەوەکانن، ئەمەش بە مانای ئەوەدێت دوای رووخانی رژێمەکەی ئەسەد سوریا دەبێتە مۆڵگەی تیرۆریستی، ئایا ئاییندەی سوریا چۆن دەبێت لە نێوان دەوڵەتی شکستخواردوی ئەسەد و دەوڵەتی ئەل قاعیدە لە سوریای دوای ئەسەددا؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، من پێموایە ئەگەر ئەسەد بڕووخێت، ئەوا لە کۆتاییدا خەڵکی سوریا ئیسلامی و جیهادیەکان رەتدەکەنەوە، پێموانیە گرتنەدەستی سوریا لەلایەن هێزە دەرەکیەکان و جیهادیەکانەوە هێندەی دابەشبوونی سوریا دژوار بێت کە تێیدا تائیفەکانی شەڕی یەکتر بکەن. بەڵام ئەمە تەحەددیەکە لەبەردەم خودی خەڵکی سوریادا، تەحەددی بەردەم مەسیحی و سوننی و عەلەویەکان- ئەوان لایەنگری ئەسەد نین- و کوردە، کە هەوڵی بنیاتنانی سوریایەکی نوێ بدەن کە دەوڵەتی هەموو هاووڵاتیان بێت و ئۆتۆنۆمی بە گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بدەن و سوریا بنیات بنێنەوە کە بوونی دەوڵەتێکی شکستخواردو فاشیل رەتبکەنەوە، کەس ناتوانێت زەمانەتی سەرکەوتن بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئومێدەکە ئەوەیە هێزە دەرەکیەکان یارمەتی لایەنەکان بدەن بۆ ئەوەی سوریایەکی سەرکەوتوو بنیات بنێنەوە، بەڵام ئێمە باسی پرۆسەیەکی دوورودرێژ و دژوار دەکەین...

*** باس لەوە دەکرێت کە پێکهاتەکانی سوریا ناتوانن لە هەمان وڵاتدا پێکەوەبژین، و پێشبینی ئەوە دەکەن کە دوای رووخان و هەرەسهێنانی رژێمەکەی ئەسەد، ئەم وڵاتە لەبەریەکهەڵوەشێت و دابەش بێت بەسەر چەند وڵاتێکدا، بە چەشنی ئەوەی لە یۆگسلافیای پێشوودا بینیمان، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر سوریا دابەش بێت، ئایا چ کاریگەری و ئاسەوارێکی لێدەکەوێتەوە لە پەیوەندیدا بە ناوچەکەوە؟**

- ئەمە بە بەلقانکردنی سوریایە، کە شەڕە ناوخۆییەکە درێژە دەکێشێت و هەر لایەنێك هەوڵی ئەوە دەدات کە کۆنترۆڵی خاك و سەرچاوەکان بکات.. و ئەمەش مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پەلبکێشێت بۆ لوبنان. لە راستیدا ئەمە خراپترین سیناریۆیە کە پێویستە رێگە لە روودانی بگیرێت. لەبەر ئەوە پێویستە گفتوگۆ لەنێوان هەموو تائیفەکاندا و هەوڵبدەن خۆیان لەم دەرئەنجامە لابدەن. یەکێك لە کێشەکان لە ماوەی رابردوودا ئەوەبووە کە هەر کاتێك لایەنەکان لە دەرەوە کۆبوونەوەیان کردووە، ئەوا نەیانتوانیوە بگەنە زەمینەیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی رێکبکەون لەسەر رۆژگاری دوای ئەسەد، ئەمەش یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم رووخاندنی ئەسەد. پێویستە بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەمە بکرێت، واتە رێگە لە بە بەلقانکردنی سوریا بگیرێت- لە دوای رووخانی رژێمەکەوە-.

*** لەم بارودۆخەدا ئایا هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت هاوکاری کوردەکانی سوریا بکات؟**

- پێموایە هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت، لەبەر ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا یەکگرتوویی هەبووە لە ناوچە کوردییەکاندا، هەروەها توانراوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بهێنرێتەدی. لەبەر ئەوە پێموایە دەکرێت هاوکاربێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی سوریا بەگشتی، هەروەها هاوکار بێت بۆ سوریای دوای ئەسەدیش، ئەمە بێجگە لەوەی نموونەیەکی باشیش دەبێت بۆ ناوچە کوردییەکانی سوریا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هاووڵاتیانی سوریا نموونەیەکی باش و سەرکەوتوو لە هەرێمی کوردستان بۆ بونیادنانەوە دەبینین، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان کارێکی زۆری لەسەر گەشەپێدان کردووە و وەبەرهێنانی لە پەروەردەدا کردووە و وەبەرهێنانێکی زۆر و گەشەکردنی ئابووری بەدی دەکرێت، ئەمە لە زۆر رووەوە نموونەی بنیاتنانەوەیە لە دوای شەڕەوە و ئەمەش زۆر گرنگە بۆ سوریای دوای ئەسەد و کوردەکانی سوریاش.

**دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە لە ئاست نەتەوە یەکگرتووەکان و لەئاست ئەنجومەنی ئاسایش و لە ئاست ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخێکی لەم شێوەیە بکەین کە هەڵوێستی هاوبەش نییە**

**یەکێک لە کێشەکان لە ماوەی رابردوودا ئەوەبووە کە هەر کاتێک لایەنەکان لە دەرەوە کۆبوونەوەیان کردووە، ئەوا نەیانتوانیوە بگەنە زەمینەیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی رێکبکەون لەسەر رۆژگاری دوای ئەسەد**

**هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت، پێموایە دەکرێت هاوکاربێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی سوریا بەگشتی و هەروەها هاوکار بێت بۆ سوریای دوای ئەسەدیش**




پەنابەرەکانی کەمپی کەورگۆسک بۆ گوڵان:

# لەلایەن حکومەتی کوردستان و هاووڵاتیان و خێرخوازان بەتایبەتی خەڵکی هەولێر هاوکاری و کۆمەکی باش و پێویست کراوین



سەرپەرشتیاری کەمپی دارەشەکران و کەورگۆسک بۆ گوڵان:

# بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای هەولێر و زێرەڤانی لە ماوەیەکی کورتدا گەورەترین خزمەتگوزارییان پێشکەش بە کوردانی ڕۆژئاوا کرد



لە ئاکامی بەردەوامبوونی بارگرژییەکانی سوریاو قەتڵوعامکردنی کوردانی رۆژئاوا لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانی قاعیدەو گروپەکانیەوە؛ کۆڕەوی کوردانی رۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامی هەیە. هەندێك سەرچاوە باس لە بوونی ٢٠٠ هەزار هاونیشتمانانی کوردانی رۆژئاوا دەکەن لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دوای ئەوەی کەمپی دۆمێز کە زیاتر لە ٦٠ هەزار پەنابەری لەخۆگرتبوو توانای وەرگرتنی ژمارەی زیاتری نەما، ئەمە لەکاتێکدا تەنیا لە پارێزگای دهۆك ١١٣ هەزار پەنابەری تێدایە. ئێستا زیاتر لە ٤٠ هەزار پەنابەری دیکەی کوردانی رۆژئاوا روویان لە پارێزگای هەولێر کردوەو راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری دروستکردنی چەند کەمپێك درا و پارەیەکی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراو خەڵکی کوردستانیش سەلماندیان کە تاچ رادەیەك بەدەنگ هاونیشتمانانی خۆیانەوەن و لەسەرجەم شار و قەزاو ناحیەکان کۆمەك و هاوکارییەکی زۆری کوردانی رۆژئاوا کرا. لەم رووەوە لە کەمپی کەورگۆسك مستەفا جاسم یەکێك لە هاووڵاتییە پەنابەرەکانی کوردی رۆژئاوا کە خەڵکی قامشلۆیە پێیوابوو خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەیەکی کەمدا توانی کارەباو ئاو و خزمەتگوزارییەکانی دیکەیان لە کەمپەکەدا بۆیان دابین بکات. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی دیکەی پەنابەر لەناو کەمپەکە بە گۆڤاری گوڵانیان راگەیاند گەرچی حکومەتی هەرێم توانیوێتی خزمەتگوزارییەکی باش دابین بکات و گرنگی بە بواری پاکوخاوێنی ناو کەمپەکەو دابینکردنی WC و ئاوی خواردنەوەو گرنگیدان بەلایەنی تەندروستی بدات، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەر گرفتمان بۆ دروست دەبێت. لەلایەکی دیکەوە دابینکردنی شوێنی شیاو و گونجاو بۆ خێزانەکان زۆر گرنکە لە کاتێکدا لەناو کەمپەکە ژمارەیەك لە خێزانەکان چادریان نییە. لەم رووەوە فازڵ خالید داوای لە رێکخراوی UNHCR دەکرد کەوا چادریان بۆ دابین بکرێت و شوێنی خۆشتن و پێویستی دیکەیان بۆ دروست بکەن. هاووڵاتییەکی دیکە هەر لە پەنابەرەکانی کەمپی کەورگۆسك بەناوی ئەحمە ماجید بۆی روونکردینەوە کە لەلایەن حکومەتی کوردستان و هاووڵاتیان و خێرخوازان بەتایبەتی خەڵکی هەولێر هاوکاری و کۆمەکی باش و پێویست کراون و ئەو کۆمەك و هاوکاریانەش بەردەوامە، هەروەها وتی: بەڵام ئەوەی ئێمە زیاتر دەمانەوێت بۆمان بکرێت پێدانی ئیقامەیە بۆ ئەوەی بتوانین بچینە دەرەوەی کەمپەکەو بۆخۆمان کار بکەین، چونکە زۆربەی پیاوانی وەکو من لەناو کەمپەکە توانای کارمان هەیە و بۆ باشتر ژیان و خۆشگوزەرانی پێویستە کار بکەین نەك هەر چاومان لە کۆمەك و خەوتن بێت. هاوکات هاووڵاتیەکی دیکە بەناوی دەلال قادر وتی: ئێمە منداڵمان زۆرە کە هەر هەموویان لە قوتابخانە بوون بۆیە داواکارین لە حکومەتی کوردستان قوتابخانەمان بۆ دروست بکەن. وەلید قاسم کە پەنابەرێکی خەڵکی قەمشلۆیە ئاماژەی بەوەدا ئێمە لەدەست شەڕ و مردن لە رۆژئاوای کوردستان هەڵاتووین و لەوێ نە کارەبا نە ئاو و کار و کاسبی نەماوە و بەناچاری لەسەر ماڵ و حاڵی خۆمان رامانکردووە و هاتووینەتە ئەم بەشەی دیکەی نیشتمانەکەمان کە کوردستانە و لێرە لە راستیدا زۆر خزمەتکراوین و ئەوەی دیتمان قەت واچاوەڕوانمان نەدەکرد کە حکومەتی کوردستان و خەڵکی باشووری کوردستان ئەوەندە رەوشت بەرز و بەئەمەك بن بەرامبەر بە خاك و میللەتەکەیان کە کوردە.

**هاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەمپی پەنابەرانی کوردی رۆژئاوای کوردستان لە کەورگۆسک پاڵپشتی و توانایەکی زۆر و بەردەوامی بە ئیدارەی کەمپەکەو بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای هەولێر بەخشی**

سەبارەت بەئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و کۆمەك و هاوکارییەکان، رزگار مستەفا سەرپەرشتیاری کەمپی دارەشەکران و کەورگۆسك و قایمقامی قەزای خەبات وتی: کۆچی کوردانی رۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پارێزگای هەولێر بەردەوامە؛ ئەمەش دوای ئەوەی کەمپی دۆمێز توانای نیشتەجێکردنی زیاتری پەنابەرانی نەماوە، هەربۆیە لە ١٥/ئاب/٢٠١٣ تا ٢٢/ئاب/٢٠١٣ زیاتر لە ٤٠ هەزار پەنابەری دیکەی کوردانی رۆژئاوای کوردستان هاتنە باشووری کوردستان، کە لەم ژمارەیەشدا ٤ هەزاریان بۆ سنووری سلێمانی چوون و ژمارەیەکیش لە دهۆك مانەوە و زیاتر لە ٣٦ هەزار کەسیش هاتنە سنووری هەولێر، بۆیە لەلایەن حکومەتی کوردستان بڕیاردرا کەمپێکی پەنابەری هاوچەرخ بۆ ١٠ هەزار کەس وەکو قۆناغی یەکەم لە سنووری ناحیەی دارەشەکران دروست بکرێت، بەڵام پێش ئەوەی ئەم کەمپە تەواو بێت پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ حەوانەوەو بەدەنگەوە هاتنی ئەو براو خێزانانەمان لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە داواکرا کە بەزووترین کات لە سنووری ناحیەی کەورگۆسك کەمپێك بکرێتەوە کە ئێستا لەو کەمپەدا زیاتر لە ١٥هەزار پەنابەری تێدا نیشتەجێبووە و ٥هەزار کەسیش لە کەمپی کاوە لە سنووری ناحیەی قوشتەپە دانراون و ژمارەکەی دیکە لەو پەنابەرانە لە باسرمەو ناو هەریر و لە سنووری سۆران شوێنیان بۆ دابینکراوە. هەربۆیە لەماوەی سێ کاتژمێردا هەر هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی وەکو کارەباو ئاو و تەندروستی و ئاودێریی و ئاوی دەوروبەر کە سەر بە پارێزگای هەولێرن لە کارو ئیش و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ پەنابەرەکانی ئەو کەمپە دەست بەکاربوون و هێزەکانی زێرەڤانی هەر لە دانانی چادرو گواستنەوەی پەنابەرەکان بۆ ناو کەمپ و چادرەکان و پێدانی ئاو و خواردنی گەرم و ئامادەکراو گەورەترین کار و هاوکاری و خزمەتیان پێشکەش کرد و ئێستاکەش لە کارەکانیان لەگەڵمان بەردەوامن و رێکخراوی UNHCR چادری بۆ پەنابەرەکانی کەمپەکە دابینکرد و هەر یەکە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەیوەندار بە کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی هەولێر زۆر بە خێرایی کارەکانیان دەست پێکرد و توانیمان خواردن و خواردنەوەو ئاو بەسەر پەنابەرەکان بەزووترین کات دابەش بکەین، چونکە لە سەرەتادا ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەرەکان زۆر ماندووبوون و لە حاڵەتی دەروونی و جەستەی زۆر ماندوو و خراپدا بوون و هاتنی پەنابەرەکان زۆر خێرا و زۆر بوو، بۆیە کارو خزمەتگوزارییە سەرەتایی و فریاگوزارییەکان زۆر قورس و زەحمەت بوو، بەڵام گیانی هاونیشتمانی و برایەتی و کوردایەتی و بەدەنگەوەهاتنی

**کەمپی کەورگۆسک زیاتر لە ١٥هەزار پەنابەری تێدا نیشتەجێبووە و ٥هەزار کەسیش لە کەمپی کاوە لە سنووری ناحیەی قوشتەپە دانراون و، ژمارەی دیکە لەو پەنابەرانە لە باسرمەو ناو هەریر و لە سنووری سۆران شوێنیان بۆ دابینکراوە**

حکومەتی کوردستان و هاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ ناو پەنابەرەکانی کەمپەکە و هاوکاری و کۆمەکی هاووڵاتیان و خێرخوازانی شاری هەولێر و پارێزگای هەولێر بەگشتی ئەوە بەدەنگەوەهاتنێکی راستەوخۆ و پراکتیکی و کاریگەر بوو بۆ نیشتەجێبوون و دڵنەوایی پەنابەرەکان، لەلایەکی دیکە هێزەکانی لەشکری تایبەتی یەك و دوو لە هاوکاری و بەدەنگەوەهاتنی پەنابەرەکان خەمێکی دیکەی ئەوانی رەواندەوە، کارو پرۆژەکان وەکو دانانی تۆڕی کارەبا کە چەند ملیۆن دۆلاری تێچووە و هەروەها لە رێگای ١٣تانکەر ئاوەوە کە لەلایەن فەرمانگەی ئاوی هەولێر و ئاوی دەوروبەری هەولێر تەرخانکراوە ئاو بەسەر خێزانەکان دابەش دەکەن، لەڕووی رێکخستنی کەمپەکەشەوە ئامێرەکانی زێرەڤانی بە هەماهەنگی و ئامێرەکانی پارێزگا هەستاون بە رێکخستنی شوێن و شەقامەکانی کەمپەکە. ئیدارەی قایمقامیەتی خەبات و ناحیەکانی سنووری کەمپەکان شەو و رۆژیان لەسەریەك داناوە بۆ بەهاناهاتنی پەنابەرکان و حەوانەوەیان و لەلایەن خێرخواز و هەموو خەڵکی شارو سنووری پارێزگای هەولێر زۆر کۆمەك و هاوکاری کران. هاوکات رێکخراو و کۆمپانیاکانی مەدەنی و کەرتی تایبەت بەشێوەی جۆراوجۆر کۆمەك و هاوکاریان پێشکەش کردووە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر و بنکەی تەندروستی گەڕۆکی زێرەڤانی دوو بنکەی تەندروستی گەڕۆك بۆ کەمپی پەنابەرانی کەورگۆسك دانراوە، لەلایەکی دیکە بنکەی تەندروستی ناحیەی کەورگۆسك لەبەر بەدەنگەوەهاتنی پەنابەرانی ئەو کەمپە ماوەی کارکردنی کراوەتە ٢٤کاتژمێر و پزیشکی شارەزاو پسپۆڕی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان کاری تێدا دەکەن. هەروەها هاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەمپی پەنابەرانی کوردی رۆژئاوی کوردستان لە کەورگۆسك لەلایەك پاڵپشتی و توانیەکی زۆر و بەردەوامی بە ئێمەو ئیدارەی کەمپەکەدا، لەلایەکی دیکە هێز و دڵنەوایی و هاوکاری و پاڵپشتیەکی گەورەبوو بۆ پەنابەرەکان، بەپێی ئەو زانیاریانەی هەیە کەمپەکە دەمێنێتەوە ئەمەش لەبەر بەردەوام هاتنی پەنابەرانە، لەلایەکی دیکە ئەگەر هاتنی پەنابەران هەر بەردەوام بێت نەك تەنیا ئەو ژمارە کەمپەی ئێستامان دەبێت، بەڵکو چەند کەمپی دیکە پێویست بێت لەلایەن حکومەتی کوردستان بۆیان دروست دەکرێت، بەڵام ئەگەر ژمارەکە لەو رێژەو ئاستەدا راوەستێت ئەوە هەموو پەنابەرەکان لە چەند کەمپێك بە باشترین شێوەو زۆرترین خزمەتگوزاریی کۆدەکرێنەوە. بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەنزیکەوە لە رەوشی پەنابەرەکانی کوردی رۆژئاوای کوردستان باڵیۆز و قونسڵی چەندین وڵات وەکو بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا و ئەمریکا و...تاد سەردانی کەمپی پەنابەرانی کوردی رۆژئاوای کوردستانیان لە کەمپی کەورگۆسك کردووەو کار و خزمەتگوزاری و بەدەنگەوە هاتنی حکومەتی کوردستان و سەردانی جەنابی سەرۆکی هەرێم و هاوکاری و کۆمەکی خێرخواز و خەڵکی کوردستانیان بەرز نرخاندووە.

**کەمپی کەورگۆسک:**

- ئامێرەکانی زێرەڤانی بە هەماهەنگی و ئامێرەکانی پارێزگا هەستاون بە رێکخستنی شوێن و شەقامەکانی کەمپەکە
- لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر و بنکەی تەندروستی گەڕۆکی زێرەڤانی دوو بنکەی تەندروستی گەڕۆك دانراوە
- هێزەکانی لەشکری تایبەتی یەك و دوو لە هاوکاری و بەدەنگەوەهاتنی پەنابەرەکانن
- لەماوەیەکی کەمدا تۆڕی دابەشکردنی کارەبا دانرا
- بنکەی تەندروستی ناحیەی کەورگۆسك ماوەی کارکردنی کردۆتە ٢٤کاتژمێر



# لە سوریا.. کورد شەڕی گروپەکانی سەر بە ئەلقاعیدە دەکات

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



لەم ساڵانەی دواییدا چەندین تەحەددی زۆر قورس و کاریگەر بەرۆکی هەرێمی کوردستان (KRG) ی گرتۆتەوە کە وایان کرد ناچار بێت بەوردی و هەستیارییەکی گرنگەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.. یەکێك لەو تەحەددیاتانەش هەڵوێستی حکومەتی مەرکەزی بوو لە بەغدا کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، مەیلی خۆسەپێنیی بخاتەڕوو دەربارەی هەموو کێشەکان، هەرچەندە لە ئاست ئەو شەپۆلە توندوتیژییە تائیفییەی ئێستای عیراقدا نییە کە کاریگەرییان لە سەر بەشێکی زۆری وڵاتەکە - ئەوەی دەکەوێتەوە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە- جێهێشتووە. هەرێمی کوردستان...ناچاربوو هەوڵەکانی بخاتەگەڕ لە ئاست ئەو شەپۆلە مرۆییەی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کە بەهۆی شەڕی ناوخۆی سوریای دراوسێیەوە ڕوی تێدەکات. زۆرێك، ئەگەر نەڵێین زۆرینەی ئەو ئاوارانە بە ڕاددەیەکی گەورە لە ناوچە کوردییەکانی وڵاتەکەدا نیشتەجێن.

ئێستا مەترسییەکی دیکەی پڕ لە نیگەرانی و مەترسیدار سەری هەڵداوە. گروپەکانی سەر بە ئەلقاعیدە توانای سەربازیی خۆیان لە سنووری باکووری عیراق نمایش دەکەن هەروەها وەك بەشێك لە یاخیبوونی سوریا لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەشار ئەلئەسەد. ئەوەی جێی سەرسوڕمانی زۆربەی چاودێرە ڕۆژئاواییەکانە ئەوەیە کە هێزەکانی کورد لە سوریا بوونە کاریگەرترین لایەنی سەربازی ڕکابەر بەرامبەر گروپە تیرۆریستییەکان و چەند سەرکەوتنێکی گەورە و گرنگیشیان لەبەرامبەردا بەدەستهێنا.

بە داخەوە، نە ئەمەریکا و نە حکومەتی تورکیا حەماسێکیان پیشان نەدا بۆ ئەو کارانەی لەلایەن هەرێمی کوردستان (KRG)و چەکدارانی کوردی سوریای دراوسێوە ئەنجامدران. ئەنقەرە و واشنتۆن گومانیان هەیە لەوەی سەرکردەکانی کورد لە هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتی هەرێمی

کوردستان(KRG) لەسەر حسابی حکومەتی بەغدا و دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوبەر)ی کوردی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا. ئەو تێڕوانینە، وەڵامێکی کورتبینانە و ناژیرانەیە.

لە ماوەی ئەو چەند مانگە کەمەی ڕابردوودا، گروپەکانی سەر بە ئەلقاعیدە ژمارەیەك هێرشی تیرۆریستیان لە باکووری عێراق ئەنجامداوە، بە تایبەتی لە دەوروبەری شاری کەرکوك. ئەمەش مایەی نیگەرانییە و هەرێمی کوردستان(KRG) یش هەنگاوی پێویست دەگرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی توندوتیژییەکە، بۆ ئەوەی نەبێتە هەڕەشە لەسەر ئەو سەقامگیری و گەشە ئابورییە گەشەدارەی پێشتر هەرێمەکە بەخۆیەوە بینیوە- کە ئەمەش تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ سەرجەم بەشەکانی دیکەی عێراقدا.

لە سوریادا، خاڵێکی یەکلاکردنەوە هەیە لە نێوان چەکدارانی کورد کە بە شێوەیەکی سەرەکی سەر بە پارتی یەکێتیی دیموکراتی ( پەیەدە)ن و لە نێوان ئەو لایەنە یاخیبووەکانی سوریا کە پەیوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەیە، وەك بەرەی ئەلنوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. هێزە کوردییەکان چەند سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا و ئێستا کۆنترۆڵی زۆرێك لەو ناوچانەی سوریایان کردووە کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان کوردن.

**لە سوریادا، خاڵێکی یەکلاکردنەوە هەیە لە نێوان چەکدارانی کورد کە بە شێوەیەکی سەرەکی سەر بە پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)ن و لە نێوان ئەو لایەنە یاخیبووەکان کە پەیوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەیە، وەک بەرەی ئەلنوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام**

پەرەسەندنەکانی ئەم ڕەوشە ناهەموارە بووە هۆی بە وەڵام هاتن و ناڕەحەتییەکی توندی ئەنقەرە و واشنتۆن. بۆیە دوای سەرکەوتنە دراماتیکییەکەی چەکدارانی پەیەدە بۆ کۆنترۆڵکردنی شارۆچکەی ڕەئس ئەلعەین لەسەر سنوری سوریا و تورکیا، جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا بولەنت ئارینج هۆشداری دا کە هەرگیز وڵاتەکەی دامەزراندنی هەرێمێکی کوردی ئۆتۆنۆمی لە سوریا قبوڵ ناکات. بەرپرسەکانی دیکە ئیدانەی پەیەدەیان کرد بە « تیرۆریستە جوداخوازەکان.» لە قەڵەمیان دا.

ئەگەرچی ئیدارەی ئۆباما کاردانەوەیەکی کەمتری ڕقئامێزی هەبوو لەبەرامبەر سەرکەوتنە سەربازییەکانی کورد لە سوریا، بەڵام بە چەشنی حکومەتی تورکیا هەمان پابەندبوونی توندی هەیە بە یەکپارچەیی خاکی سوریاوە و سەرکردەکانی ئەمەریکاش نیگەران بوون لە سەرەتای مانگی ئابدا کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان(KRG) مسعود بارزانی ڕایگەیاند ئەگەر ڕاپۆرتەکان پشتڕاست بکرێنەوە لەبارەی ئەوەی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە کوردە مەدەنییەکانیان لە سوریادا کوشتووە، ئەوا هەرێمی کوردستان «هەموو توانای خۆی بەکاردەهێنێت بۆ بەرگریکردن لە ئافرەت و منداڵ و مەدەنیانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان.» ئەوە وەك پاساوێك لێکدرایەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دیفاکتۆ-ئەمری واقیع- لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و لکاندنی بە هەرێمی کوردستانەوە(KRG).

ئێستا واشنتۆن و ئەنقەرە لە پێگەیەکی نالەباردان کە پشتیوانی یاخیبوونی سوری دژ بە ئەسەد دەکەن کە هەندێ هاوپەیمانی ئەلقاعیدە- کە مایەی نیگەرانین- و لایەنی بێزراوی دیکە لە خۆ دەگرێت. هێشتا بەرپرسانی ئەمەریکا و تورکیا لەوە دەترسن کە هێرشە سەربازییەکەی کورد هێزە یاخیبووەکان لاواز بکات و دەرفەتەکانی ڕزگاربوونی ڕژێمەکەی ئەسەد زیاتر بکات. تەنانەت ئەگەر ئەوەش ڕوونەدات، ئەوا ترسیان هەیە لەوەی سوریا دابەش بێت.

بەڵام هێزەکانی کوردی دوژمنێکی تیرۆریستی مەترسیداری ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپییەکان لاواز دەکەن. پێویستە بەرپرسانی تورکیا و ئەمەریکا پێشوازی لەو پەرەسەندنە بکەن، نەك هەوڵی لەباربردنی بدەن. ئەو سیاسەتەی ئێستا ئەنقەرە و واشنتۆن پیادەی دەکەن، سیاسەتێکی بە هەڵەدابراوە. ئەگەر گرتەنبەری سیاسەتێکی ڕۆشنگەرتر پێویست بەوە بکات دووبارە پێداچوونەوە بە تەواوی ئامانجە جیۆپۆلەتیکییەکانیاندا بکەنەوە، ئەوا ئەمە هەنگاوێکە و پێویستە بگیرێتەبەر.

**هێزەکانی کوردی دوژمنێکی تیرۆریستی مەترسیداری ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپییەکان لاواز دەکەن. پێویستە بەرپرسانی تورکیا و ئەمەریکا پێشوازی لەو پەرەسەندنە بکەن، نەک هەوڵی لەباربردنی بدەن**

---

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**




# عێراق لەنێوان ناسەقامگیری ئاسایش و کارە خۆکوژییەکانی تیرۆریستاندا





**عەلی شەلا**
**پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا:**

**کاتێک هێزە ئەمنیەکان لەبەغدا دەستدرێژی دەکەنە سەر هاوولاتیان ئەی چۆن خەڵکی لەکارە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە دەپارێزن**



**نزار جەنابی**
**تۆژەر لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیک:**

**سوننە هەست دەکەن پەراوێز خراون و کوردەکانیش کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا چارەسەرنەکراوە، لەبەر ئەوە بۆچی پشتیوانی حکومەتێک بکەن کە پشتیوانیان ناکات**

هەڵکشانی رۆژانەی باری ناسەقامگیری و زیادبوونی لەرادەبەدەری کارە خۆکوژییەکانی تیرۆریستان لەعێراقدا گەیشتۆتە ئاستێك کە لەنێو رووداوە ئاڵۆز و گەرمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناشاردرێتەوە و وێڕای ئەوەی رووداوەکانی میسر و سوریا سەردێڕی هەواڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن لەتەواوی میدیاکانی جیهان، بەڵام دیسان هەواڵی توندوتیژی و کارە تیررۆیستیە بەردەوامەکانی عێراق بەشێکی دیکەی هەواڵە گەرمەکانی پڕکردۆتەوە، پێشتر و لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ لە عێراق، جۆرێك لە بایەخ پێنەدان بە هەواڵەکانی عێراق دەدرا، بەتایبەتی لەلایەن میدیاکانی رۆژئاواو ئەمریکا، بەڵام هەڵکشانی لە رادەبەدەری کارە توندوتیژییەکان جارێکی دیکە هەواڵەکان عێراقی هێنایەوە نێو ریزبەندی یەکەمی هەواڵە گەرمەکان و پسپۆران و شرۆڤەوانانیش، لەگەڵ ئەوەی راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن عێراق جارێکی دیکە بۆتەوە بە شوێن پێگەی تیرۆریستانی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە هەمانکاتدا ئاماژەش بەوە دەکەن، رێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراقەوە سەرپەرشتی چالاکیەکانی رێکخراوی قاعیدە لەناو سوریا دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ژمارەی تیرۆریستانی قاعیدە ئێستا لە ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ زیاتر و کاریگەرترە کە ئەمریکا ناچار بوو هێزەکانی سەحوە بۆ رووبەڕووبوونەوەیان دروست بکات، لەمەش زیاتر کە بۆتە جێگەی نیگەرانی چاودێران بارودۆخی عێراق ئەوەیە کە هەست ناکرێت ئەم جارەیان لایەنەکانی عەرەبی سوننەی عێراق وەك ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ هاوکاری حکومەت بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە قەبارەی بوونی چەکدارانی ئەلقاعیدە پرسیارمان لە عەلی شەلا پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا کرد کە لیستی دەسەڵاتە لە عێراقدا، لەوەڵامدا عەلی شەلا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو گووتی: (ئێمە دەبینین ئەمڕۆ تیرۆریستان لە قوڵایی بەغدای پایتەخت دەدەن، ئەمەش بەهۆی بوونی چەند مۆڵگەیەك بۆ داڵدەدانیان، بۆیە پێویستە ئەم مۆڵگانە ریشە کێش بکرێن بەو کەسانەی کە پشتگیری دەکەن یاخود بەڕێوەیان دەبەن و لەڕووی داراییەوە هاوکارییان دەکەن، نازانم چۆن داوا لە هێزە ئەمنییەکان دەکەن ئاسایش بەغدا بپارێزن لەکاتێکدا خۆیان شەو و رۆژ ئاستەنگ دەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی کارەکانیان و دەنگۆی ئەوە بڵاو بکەنەوە کە هێزە ئەمنییەکان دەستدرێژی دەکەنە سەر هاوولاتیان. ئەمە لەکاتێکدایە تیرۆریستان رۆژانە ئۆتۆمبێل دەتەقێننەوە و هاوولاتی سڤیل و ئافرەت و منداڵی بێتاوان دەکەنە قوربانی، بۆیە سەبارەت بەهۆکاری ئەم ناسەقامگیریە پێویستە بە راشکاوانە قسە بکەین، ئێستا بارودۆخی سوریا زۆر هەستیارە، بە ملیاران دۆلار لە حکومەتەکان و لە زەکات بەخشەکانیشەوە دێت و هەموویان دەڵێن کە پشتگیری لە گەلی سوریا و منداڵانی دەکەن، بەڵام لە راستیدا ئەو پارە و هاوکاریانەی کە دەنێردرێن سەرەتا دەگەنە دەورووبەری بەغدا بەر لەوەی بگەن بە ئۆپۆزیسیۆنی سوریاش، ئەمەش وایکردوو کە باڵی عێراقی رێکخراوی قاعیدە تەنانەت سەرکردایەتی باڵی سوریاش بکات، ئێستا ئەبوبەکری بەغدادی سەرکردایەتی ویلایەتی عێراق و شامی قاعیدە دەکات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم رێکخراوە دەوڵەمەند بووە بە پارەی وڵاتانی دیکە و هەوڵ دەدات بەشێك لەو دەوڵەمەندبوونەی لەناو خاکی عێراقدا بەکار بهێنێت بەتایبەتی کاتێك تووشی شکست دەبن بەرامبەر بە هێزەکانی سوریا و بۆ ئەوەی ئەم شکستانە پەردەپۆش بکەن هەڵدەستن بە لێدانی ئەو ناوچانەی کە ئاسایشیان تێدا بەرقەرارە و خەڵکی بێتاوانی بەغدا دەکوژن، بەپێچەوانەوە ناتوانن لە هێزە سەربازییەکان بدەن، تەنیا ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو دەتەقێننەوە و خەڵکی سڤیلی بێتاوان دەکەنە ئامانج، بۆیە پێویستە لەسەر ئاستی عێراق بەرەی ناوخۆیی بەهێزتر بکرێت و کاری سەربازی رێکخراو ئەنجام بدرێت)).

ئەوەی عەلی شەلا باسی دەکات رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە کە ئێستا عێراق پیایدا تێدەپەڕێت و قسەکانیشی رەنگدانەوەی لیستی دەوڵەتی یاسایە کە پشتگیری لە حکومەتی عێراق نەکات، نەك لیستێکی دیکە کە بیەوێت رەخنە لە حکومەتی عێراق بدات، بۆیە لەم لایەنەوە ئەو قسانە ئەوەمان پێ دەڵێت کە باری سەقامگیری عێراق لەوپەڕی ئاڵۆزیدایە و ئەم ئاڵۆزیەش نەك هەر کاردانەوەی لەسەر ئەدای کارەکانی حکومەتی عێراق هەیە، بەڵکو ئەگەر بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت، ئەوا کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت.


**بارودۆخی عێراق**

**پێویستی بە چارەسەری سیاسییە نەك سەربازی**

حکومەتی عێراق بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری پرۆسەیەکی گشتگیری دەستپێکردووە، بەڵام وێڕای ئەم پرۆسەیەش رۆژانە کارە تیرۆریستییەکان بەردەوامن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کەموکورتیەی لە پرۆسەی سیاسی هەیە یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە بۆتە هۆکاری ئەوەی زەمینیەك بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی تیرۆریستان سوودی لێوەربگرن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە تۆژەر و شرۆڤەوانی عێراقی نزار جەنابی کرد کە ئێستا تۆژەرە لەسەر رەوشی عێراق لە ئامۆژگای

واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك، ئەو سەبارەت بەو بارودۆخەی ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت رەشبینی خۆی نەشاردەوە و جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئەگەر پێشتر هەندێك گەشبینی هەبووبێت بۆ ئەوەی بارودۆخی عێراق بەرەو باشتر بچێت، بەڵام هەڵکشانی توندوتیژییەکانی ئەم دواییە بەتەواوەتی رەشبینی کردووە و لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: ((من هەمیشە گەشبین بوومە، بەڵام لە ئێستادا هۆکارێك نییە بۆ گەشبینی و بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و حکومەتیش کاردانەوەیەکی راستەقینەی نییە بۆ توندوتیژی و بۆ هەڵکشانی بارودۆخەکە، لە راستیدا چارەسەرێکی سەربازی نییە بۆ ئەم هەڵکشانە. تەنانەت لەو هەڵکشانەشدا کە لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا روویدا، ئەمریکا کە باشترین سوپای هەبوو و باشترین ئیمکانیەتی سەربازی هەبوو، بەڵام نەیتوانی چارەسەرێکی سەربازی بکات، پێویستە ئەم کێشەیە لەڕووی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت. پێویستە حکومەت ئیعتیراف بەوە بکات کە لایەنگەلێك هەن لەنێو عێراقیەکاندا بێبەشکراون و هەست دەکەن پەراوێز خراون، و دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ و کار بکات بۆ چارەسەرێکی سیاسی، نەك تەنیا پەنا بباتەبەر چارەسەری سەربازی، لەلایەکی دیکە و لەسەر ئاستی ئیقلیمیش کاریگەری لەسەر بارودۆخی عێراق هەیە، بۆیە من وای دەبینم بارودۆخی ئێستای سوریا وایکردوە عێراق لە بارێکی خراپدا بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر موعارەزەی بەشار ئەسەد براوە بێت، ئەوا حکومەتێك پێکدەهێنێت کە دۆست نابێت لەگەڵ عێراق، لەبەر ئەوەی عێراق پشتیوانی رژێمی ئەسەدی کردووە، ئەو کاتە ئەم حکومەتە دەست دەکات بە رەوانەکردنی تیرۆریستان بۆ عێراق. کەواتە ئەگەر موعارەزە سەرکەوتوو بوو، ئەوا دەست دەکەن بە پشتیوانیکردنی یاخیبوون لە پارێزگاکانی ئەنبار و موسڵ. ئەگەر بەشار ئەسەدیش سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەست دەکات بە راوەدونانی ئەو چەکدارانەی هاتوونەتە سوریاوە و ئەو چەکدارانەش جگە لە عێراق شوێنێکی دیکە شکنابەن، ئەمەش دیسان دەبێتەهۆی هەڵکشانی بارودۆخەکە لە عێراقدا. کەواتە ئەگەر بەشار براوە بێت یان دۆڕاو، ئەوا عێراق باجێکی گران دەدات، بەهۆی ئەو سیاسەتە ناژیرانەی حکومەتی عێراق دەیگرێتەبەر. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەتان ئەوا راستە، فاکتەری دیکە هەن، بەڵام هۆکاری ئەوەی ئەم فاکتەرانە لە عێراقدا کاریگەرن ئەوەیە کە حکومەت هەوڵی نزیکبوونەوەی لە خەڵك نەداوە و لەبەر ئەوەی یەکێتیەکی نیشتمانی ناوخۆیی فەراهەم نەکردووە. دەبینیت سوننە هەست دەکەن پەراوێز خراون و کوردەکانیش کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا چارەسەرنەکراوە، بەلای کەمەوە لەڕووی ئابووریەوە، لەبەر ئەوە بۆچی پشتیوانی حکومەتێك بکەن کە پشتیوانیان ناکات، لە ئێستادا ئەمە لە عێراق روودەدات)).

ئەوەی جەنابی دەستنیشانی کردن کاریگەری کێشە سیاسییە چارەسەرنەکراوەکانن کە بۆتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی عێراقیەکان یەکریز و یەکدەنگ نەبن لەڕووی تیرۆریستاندا، بۆیە هەر سەبارەت بەهەمان پرس و هۆکاری ئاڵۆزی ئەم بارودۆخە پرسیارمان لە پەرلەمانتار کازم شەمەری وتەبێژی لیستی وەتەنیەی بەیزا کرد، ئەویش وێڕای ئەوەی رەنگدانەوەی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی پشتراستکردەوە لەهەمانکاتدا کاریگەری سلبی ئەو بارودۆخەشی لەسەر دەروونی هاووڵاتیان خستەڕوو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ((ئەو خوێنرشتنەی ئێستا لە عێراقدا هەیە هۆکارەکەی چارەسەر نەکردنی کێشەکانە بە تەکنیك و ئارەزوویەکی راستەقینە، بەداخەوە دەڵێم لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ کاتێك شەڕی ناوخۆ لە عێراق هەبوو و دەرکەوتنی سەحوەکان، خەڵك لە بینینی دیمەنی چەتە دەمامکدراوەکان راهاتبوون کە بە جلی رەشەوە مافەکانی خەڵکیان پێشێل دەکرد و هاووڵاتیانیان بە ساکارترین هۆ تیرۆر دەکرد، دوایی خەڵك بینییان سوپا دژی ئەم چەتە تاوانبارانەن، بۆیە سوپایان بە فریادڕەسی خۆیان زانی، ئەمەش وایکرد هاووڵاتیان پێشوازی لەو سوپایە بکەن و ئەوەبوو لە ساڵانی ٢٠٠٨- ٢٠١٠ ئاکامی ئەم هاوکارییەی نێوان سوپا و هاووڵاتیانمان بینی، بەڵام دوای ئەوەی بینیمان پەیوەندی نێوان گەل و سوپا گۆڕا بۆ پەیوەندی دەستگیر کردنی رەمەکی و ئیهانەکردنی بەردەوامی هاووڵاتی لە بازگە و خاڵەکانی پشکنین، پەیوەندییەکە بوو بە رق و دوژمنایەتی کردن، بۆیە دەڵێم تەقینەوەکان بەردەوام دەبن و بارودۆخەکە ئارام نابێتەوە تا کەلتوری سەربازی عێراقی نەگۆڕێت بەرامبەر بە هاووڵاتی عێراقی. هەر بۆ نموونە من ئەمڕۆ لە هەر هاووڵاتییەك دەپرسم لە سەرتاسەری عێراق ئایا سەربازت خۆشدەوێت؟ یەکسەر پێم دەڵێ سەرباز هەیە بۆ ئەوەی ئیهانەم بکات و بەشێوەیەکی رەمەکی دەستگیرم بکات، ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆیە پێویستە دووبارە کلتور و عەقڵیەتی سەرباز و تاکەکانی پاراستنی ئاسایشی عێراقی بونیاد بنرێتەوە بەجۆرێك تا ئەو پەڕی رێز لە هاووڵاتی بگرێت، هەروەها چەند عەقڵیەتێکی دواکەوتوو کۆنترۆڵی مەلەفی ئاسایش دەکەن کە رێگری لە بوونی عەقڵیەتی نوێ و هاوچەرخ دەگرن، چونکە بوونیان دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی عەقڵیەتە دواکەوتووەکان)).



**کازم شەمەری**
**وتەبێژی لیستی وەتەنیەی بەیزا:**

**تەقینەوەکان بەردەوام دەبن و بارودۆخەکە ئارام نابێتەوە تا کلتوری سەربازی عێراقی نەگۆڕێت بەرامبەر بە هاووڵاتی عێراقی**




## سامۆیل برانێن
### تۆژەرەی باڵای CSIS بۆ گوڵان:

# ئێستا بارزانی وەک رێبەری کورد سەیر دەکرێت بۆیە کوردانی پارچەکانی دیکەش ئومێدیان پێیەتی

**سامۆیل جەی برانێن کە ئێستا تۆژەری باڵایە لە سەنتەری ستراتیژی بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی (CSIS)، تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی بەرگری و ئاسایشی ئەمریکا لەسەر تورکیا و عێراق و پێش ئەوەی ببێتە تۆژەر لە ساڵی ٢٠١٣ لە سەنتەری (CSIS) برانێن یاریدەرەری تایبەتی جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە، دوای ئەم کارانەشی دیسان یاریدەدەری تایبەتی جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە بۆ کاروباری ستراتیژی و دانانی پلانی بەرگری.**

**بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و کاریگەری ئەم رەوشە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەڕێز سامۆیل برانین ئەنجامداو بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** عێراق بە دۆخێکدا تێدەپەڕێت کە پێشــبینی ئەوە دەکرێت لــە کۆنترۆڵ دەربچێت و رۆژ بــە رۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و تەقینــەوەی زیاتر روودەدات، ئایا عێراق بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟**

- بــە دڵنیاییەوە ئەو توندوتیژیەی لــە ئارادایە هۆکارێکی گــەورەی نیگەرانیە لە عێراقدا. ئێمە لــەدوای زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا و لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ئاستی توندوتیژیەمان نەبینیوە و ئەمەش پاشەکشەیە لە رەوشی ئاسایشی عێراقدا. لە راســتیدا زەحمەتــە بزانین بــە چ ئاراســتەیەکدا پەرە دەســێنێت. ئەمە هەڵمەتێکی توندوتیژیە کە لەلایەن گرووپە رادیکاڵەکانەوە بەرپاکراوە کە هەوڵی هەڵگیرســاندنی شەڕی ناوخۆیی دەدەن. پرسیارەکە ئەوەیە کاردانەوەی مالیکی چیە و ئایا توانای هێنانەئارای ســەقامگیری هەیە و یاخود ئایا هێزە ئەمنیەکان توانای ئەوەیان هەیە رێگری لە هێرشی دیکە بکەن و ئایا توانای ئەوەیان هەیە پێکهاتەکان هانبدەن بۆئەوەی دان بەخۆیانــدا بگرن لە عێراقــدا. کەواتە بە دڵنیاییەوە هەر کەســێك بایەخ بە عێراق بدات و چاودێری عێراق بکات زۆر نیگەران دەبێت.

*** ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دۆخێکی ئاڵۆز دەڕوات، بە تایبەتی دوای رووداوەکانی میسر و کارە توندوتیژییەکانی بەشار ئەسەد و مەترسیەکە ئەوەیە عێراقیش بخزێتە دۆخێکی هاوشــێوەوە، ئەو کاتە مەترســی ئەوە درووســت دەبێت کە بارودۆخــی ناوچەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت، ئایا مەترســی ئەوە درووست نابێت کە شەڕی شیعە و سوننە- نەك تەنیا لە عێراق- بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا بێتە ئاراوە؟**

- رۆژ بە رۆژ ئەم نیگەرانیە زیاتر دەبێت، نەك هەر تەنیا لە نێوان شیعە و سوننەدا، بەڵکو لە نێوان کورد و تورك و عێراقی و سوریەکانیشــدا، واتە چەندین رێگا هەیە بۆ ئەوەی شــەڕ هەڵبگیرسێت و بەلای منەوە مەترسیەکەش لە گەورەبووندایە، بەتایبەتی بەهۆی ئــەو رۆڵەی زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکە دەیبنن لە پشــتیوانیکردنی لایەنێکی شەڕەکەی سوریا، ئیتر پشتیوانی ئەسەد بن، یان دژی ئەسەد و پێدانی چەك بە هەموو جۆرە گرووپەکان، کە رەنگە بڕیار بدەن لە ســوریادا بەکاری نەهێنن، بەڵکو لە شــەڕێکی گەورەتری ناوچەکەدا بەکاری بهێنن. و ئاشــکرایە هەندێ گرووپ هەن کە پێیان خۆشــە

شەڕێکی بەربڵاوتر لە ناوچەکەدا دروست بێت. هەروەها ئێستا ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق و سوریا بوونێکی بەرچاوی هەیە، بۆیە بە تێڕوانینی من ئەمە بەڕاستی رۆژگارێکی مەترسیدارە و بە دڵنیاییەوە ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات، کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت.

*** هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە چیتر کێشەکانی عێراق پەیوەندیان بە عێراقەوە نەماوە، بەڵکو پەیوەستن بە هێزە دەرەکیەکانەوە کە دەستێوەردان دەکەن لە عێراقدا، لەم بارودۆخەدا کە عێراقیەکان ناتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ئایا مەترسی ڕوودانی شەڕی ناوخۆیی ناکرێت لە عێراقدا؟**

- بە دڵنیاییەوە هەندێ لایەنی دەرەکی تێوەگلاون لە عێراقدا، بەڵام لە رووی مەبدەئیەوە، ئەمانە کێشەگەلێن دەبێت عێراقیەکان خۆیان چارەسەری بکەن، من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم ئەمریکا یان هەر وڵاتێکی دیکە دووبارە بێنەوە ناو عێراق، ئەمە لەڕووی سیاسییەوە مەحاڵە لە واشنتۆندا. ئەگەر حکومەتەکەی مالیکی و سەرۆك بارزانی نەتوانن ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوا ئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە بە خێرایی وەك سوریای لێدێت.

*** ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان، دۆخی عێراق پەردەپۆش دەکەن بۆئەوەی رای گشتی نێودەوڵەتی ئاگاداری ئەو هەڵانە نەبن کە لە عێراقدا کردویانە، بۆ ئەوەی خۆیان لەو بەرپرسیارێتیە لابدەن لەو بارودۆخە خراپەی عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، ئایا بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هۆکارێك نییە بۆئەوەی حکومەتی عێراق هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان نەدات؟**

- بەڵێ، ئێوە بارودۆخەکە لەمن باشتر دەزانن، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەی و ستراتیژی سەرنجی پێویست لە بارودۆخی عێراق نادرێت و هەموو لایەك سەرقاڵن بەوەی لە میسردا ڕوودەدات و ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات، واتە ئەوان لە بارودۆخی عێراق ناڕوانن، کەواتە بارودۆخەکە خراپتر و خراپتر دەبێت و فشاری پێویست لەسەر —حکومەتی- بەغدا ناکرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە.

*** عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و داهاتێکی زۆر بەدەست دەهێنێت، بەڵام لە واقیعدا نەك هەر خزمەتگوزاریەکانی ئاو و کارەبا دابین نەکراون بۆ خەڵکی عێراق، بەڵکو هەست دەکەن هەموو ساتێك هەڕەشە لەسەر ژیانیان هەیە، ئایا مەترسی ئەوە نییە عەرەبی سوننەی عێراق کاردانەوەی خراپیان هەبێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، پەرۆشیەکی سیاسی نییە لە ئەمریکا بۆ تێوەگلان لە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش بەرپرسیار بێت لێی. ئەگەر عێراق خۆی چارەسەرێك بۆ کێشەکانی نەدۆزێتەوە، ئەوا بەردەوام وەك کێشەیەك دەمێنێتەوە و چارەسەرێکیش لە ئارادا نابێت، ئەمە کاتێکی مەترسیدارە بۆ بەڕێز بارزانی و هەروەها بۆ بەڕێز مالیکی، پێویستە چارەسەرێك بدۆزنەوە پێش ئەوەی زۆر درەنگ بێت.

*** کوردستان هەرێمێکی ئارامە، بەڵام لەژێر هەڕەشەی ئەو ناسەقامگیریەدایە کە لە عێراقدا بوونی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم سەقامگیریەی هەرێمی کوردستان گرنگە و تا چەند لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بە هەند وەردەگیرێت؟**

- پێموایە کوردستان شایستەی ئەوەیە بە شێوەیەکی تایبەت لەبەرچاوبگیرێت، بەداخەوە ئەوانەی سیاسەتی عێراقیان دادەڕشت لە دوایین ئیدارەدا، هێشتا هەر ئەوان سیاسەتی عێراق دادەڕێژن و تێڕوانینێکیان هەیە بۆ عێراق کە ئەو راستیە لەبەرچاو ناگرن کە چیتر هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا نەماون و ئەو راستیە لەبەرچاو ناگرن کە مالیکی هاوکار نییە و نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی تەواوی وڵاتەکە ناکات، و بە زۆری تەرکیزیان لەسەر بەغدایە و ئیعتیراف بەوە ناکەن کە پێویستە سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزرێن و ئەمە ستراتیجیەتێکی خاووخلیچکە لەلایەن ئەمریکاوە، من بە تەواوەتی هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە تێڕوانینێکی ستراتیجیانەی هەبێت لە ئاست ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق چ مانایەکی هەیە بۆ ئەوان.

*** ئەگەر دوایین پرسیارمان سەبارەت بەو سەرکەوتنانەی هەرێمی کوردستان بێت لەڕووی پەرەپێدانەوە، ئایا چۆن ئەو پەرەپێدانە سەیر دەکەن؟ هەروەها ئێستا ژمارەیەکی زۆر کوردی سوریا ڕوویان کردۆتە ئەم هەرێمە ئایا رای ئێوە لەسەر ئەم لایەنە چییە؟**

- ئاشکرایە بەڕێز بارزانی کارێکی باشی کردووە لەوەی پێشەنگی کوردستانی کردووە بەرەو سەرکەوتنی ئابووری. بەڵام چەندین تەحەددیشی ڕووبەڕووبۆتەوە بۆ زامنکردنی ئایندەی هەرێمەکە، یەکەمیان پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ بەغدا، پرسیار ئەوەیە ئایا تا چەند دەتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر یاسای نەوت و غاز؟. کێشەی دووەم بریتییە لە چارەسەرکردنی گەندەڵی، لەبەر ئەوەی گەندەڵی کێشەیەکی گەورەیە لە کوردستاندا و سەرکەوتنی دوورمەوداش پێویستی بەوە هەیە ژینگەیەکی باشتری وەبەرهێنان هەبێت بۆ ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتیانەی دەیانەوێت بێنە کوردستانەوە، جگە لە کەرتی وزە و ژێرخان. تەحەددیەکی دیکە بریتییە لەوەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، کەواتە لەم بارودۆخەدا و لەناو ئەم هەموو تەحددیەدا بۆ بارزانی ئاسان نییە لەڕووی سەربازییەوە دەستێوەردان لەسوریا بکات، بە بۆچوونی منیش بارزانی دەستێوەردانی سەربازی لەسوریا ناکات، لەبەر ئەوەی نایەوێت خۆی دووچاری کێشەی نەخوازراو بکات، راستە بەڕێز بارزانی وەك ڕێبەری کورد لە ناوچەکە سەیر دەکرێت نەك تەنیا سەرۆکی کوردی عێراق، بۆیە کوردانی پارچەکانی دیکەش ئومێدیان بە بارزانی یە، من ئەم راستیە دەزانم، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە هەرێمی کوردستان بەشێوەی سەربازی لە کێشەی کوردی پارچەکانی دیکە تێوە بگلێت، بەڵام دەتوانن سنورەکانتان بکەنەوە و پێشوازیان لێ بکەن و هاوکاری مرۆییان پێشکەش بکەن، ئەمە کردووتانە و کارێکی باشیش دەکەن، بەڵام هاوکاری سەربازی تەنیا بارودۆخەکە خراپتر دەکات و بۆی هەیە ببێتە مایەی راکێشانی توندوتیژی بۆ کوردستانی عێراق.

**مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ لەعێراق لەگەورەبووندایە بەتایبەتی هەندێک گرووپ هەن پێیانخۆشە شەڕێکی بەربڵاوتر لەناوچەکەدا دروست بێت**

**لەئاکامی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکەی میسر و سوریا فشاری پێویست لەسەر بەغدا ناکرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بۆیە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت**

**هێزەکانی ئەمریکا ئەو راستیە لەبەرچاو ناگرن کە مالیکی هاوکار نییە و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی تەواوی وڵاتەکە ناکات، تەنانەت ئیعتیراف بەوە ناکەن کە پێویستە سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزرێن و ئەمە ستراتیجیەتێکی خاووخلیچکە لەلایەن ئەمریکاوە**

# مێژوو و رۆڵی ڕاگەیاندنی کوردستان

## (کورت و شۆڕشگێڕ)

۱



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

تەلەفزیـــۆن و ســـەتەلایتی بە تەکنیکـــی ئینتەرنێت لەم رۆژگارەدا، بـــە هانای پێکهاتـــەکان دێت لە ناو میللەتێك یان لەناو کۆمەڵگایـــەك کە پێکهاتەی دینی و نەژادی و تەمەنی و ئەوانەشـــی تێدابێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو تەلەفزیۆن بەهانای میللەتانی وەکو ئێمە هات.

پەیدابوونی ســـەتەلایت لە کوردســـتان لە ساڵی ۱۹۹٦ لە مێـــژووی ڕۆژنامەنووســـی ،تەلەفزیۆنـــی مێد تی ڤی بـــوو. ئێمە دەوری تەلەفزیۆنی مێد تـــی ڤی لە دەرەوەی سیاسەت باس دەکەین، بەڵام ئەو تەلەفزیۆنە لە بارودۆخی ئەو کاتدا ئەگەر سیاســـەتی پەکەکـــەی لێبێنینە دەرەوە، دەوری تەلەفزیۆنەکە لەســـەر پێکناساندنی میللەتی کورد لە چوار پارچەدا، لە تێکەڵاوکردنی زمان لەســـەر پانتایی گەلـــی کورد لە هەموو دنیادا نەك هەر لە چوار پارچەی کوردستان، بەهانا گەیشتنی کوردستان لە بواری زمان و کولتوور و خۆناســـینی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا و ســـوریا، دەورێکی زۆری هەبوو. دوای ئەو تەلەفزیۆنی کوردســـتان هـــات. ئەویش لە شـــوێن و بارودۆخی خۆی ڕۆلی تەلەفزیۆنی یەکەمین دەوڵەتی کوردســـتانی دیت و دەیبەستەوە بە هەموو کوردستان.

بـــەم دوو تەلەفزیۆنـــە دەگوترێ میللەتێك لە ئاســـمان. میللەتێك لەســـەر ئەرز بەهیچ شـــێوەیەك مەجالی ژیانی نەبوو، بەڵام تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن دەرفەتی پێدا خۆی چ وەك کەلتوور، پێکهاتە ، جوگرافیا ، مێژوو ، شـــەڕ و ناکۆکییەکانی لە فەزاوە بە هەموو دنیا بگەیەنێت. چۆن لە ســـاڵی ۱۹۹۱ تەدەخولی ئینسانی بووە پێشینەیەك کە دنیا بەهانای میللەتان و پێکهاتەکانی هەڕەشەلێکراوەکان بگات، مەرگەســـاتی ئێمە بوو بە پێشینەیەکی قانونی نێودەوڵەتی و دوای ئەوە لەسەر ئاســـتی دیکەش دووبارە بووەوە. ئێمە پێش کۆسۆڤۆ دوو لەو میللەتانەین کە ئەگەر میدیا نەبایە کارەســـاتەکە بە جیهان نەدەگەیشـــت. ئەگەر تەلەفزیۆنی ســـەتەلایت نەبایە، نەماندەزانی کورد لە پارچەکانی دیکە چۆن دەژین، جلوبەرگیان و زمانیان و کاریان چۆنە.

فەرقی بەینی تەلەفزیۆنی محەلی و تەلەفزیۆنی سەتەلایت چییە؟ تەلەفزیۆن و ڕادیـــۆی محەلی لەگەڵ ڕۆژنامە، سەرباری ئەو گرنگیە مێژووییەی لە پێگەیاندنی ئینساندا لە پێگەیاندنی میللەتێك و پێشـــکەوتنی دیموکراسی و لە پێشکەوتنی هەموو بوارەکانی مەعریفەی ئینسانیدا هەیبوو، بەڵام محەلی بوونی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن بوو بە ئامرازێکی کوشندە بەدەست ئەو ئایدیۆلۆژیانەی کۆمەڵگایان حەســـارە دەدا ئینجا ملیان لەبەر گۆڕانکاری تۆبزی دەنا، پاشـــان ملیان لەبەر قەڵاچۆ کردن دەنا. مێژووی رادیۆ و تەلەفزیـــۆن و ڕۆژنامەی محەلی لە برەودانی ئایدیۆلۆژیا لە سەرەتای سەدەی بیســـتەم و کاریگەری ڕاگەیاندنی لـــۆکاڵ (لـــە ناو وڵاتێك) کە بە ســـەدەی گڕســـەندن و

saro.qadir@gmail.com
www.seroqadir.com




**ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئایدیۆلۆژیاکان و پێکهەڵپڕژانی کۆمەڵگاکان لەوێدا ڕاگەیاندن دەکەوێتە خزمەتی دەسەڵاتی توندڕەو**

پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژیاکان ناسراوە، بە شێوەیەکی خەشن بەتایبەتی لە ئەوروپا دەستیپێکرد. لە موناف‌سەی نێوان ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی لە بەرەی سەرمایەداری حیساب دەکران وەك فاشیزم، نازیزم و ئەپارتایت و شێوەکانی دیکەی نەژاد پەرستی کە بەشێوەی محەلی لە ئەفەریقا و زۆر وڵاتی دیکەدا هەبوون، لەسەر مستەوای دنیاش ڕەنگی ڕەش و سپی و باڵاتردانانی ئەوروپایی، سەرەنجام ئەو شەڕە گەورانەی لە سەدەی ڕابردوو ڕوویاندا کە لە مێژوودا بە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی ناسراون، ئامانجیان بەجیهانیکردنی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانە بوو کە پێکهاتەی هەندێك لە میللەتانیان دەگۆڕی. ئەوانە هەمووی چەکی سەرەکیان پێش سوپا و ئەمن، ڕاگەیاندنی محەلی بوو. چونکە ڕاگەیاندنی محەلی وەك لە تەجرەبەی عێراقیشدا هەمانە، دەبێتە زمانحاڵی دیکتاتۆری و گەورەکردنی دیکتاتۆر و بوق و بڵندگۆ بۆ گۆڕینی ڕاستییەکان. یەك یان دووکەناڵ تەنزیم دەکەن و بەرنامەکانی دیاری دەکرێ تاکو کۆمەڵگا ناچار دەبێت هەر ئەوە تەماشا بکات کە ڕژێم بڵاوی دەکاتەوە. ئەو دەورەی ڕاگەیاندن لە زەمانی فاشیزمدا بینیویەتی، دوای سوپا و ئەمنی ئەڵمانی، لە برەودان بە فکری فاشیستی چ کاریگەریەکی گەورەی هەبوو.

کەواتە ڕاگەیاندنی ناو وڵاتێك تەنیا لە خزمەتی بووژانەوەدا نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئایدیۆلۆژیاکان و پێکهەڵپڕژانی کۆمەڵگاکان. لەوێدا ڕاگەیاندن دەکەوێتە خزمەتی دەسەڵاتی توندڕەو.

**سەتەلایت بە هیچ شێوەیەک لە خزمەتی دیکتاتۆریدا نییە، چونکە هەرچی لە چوارچێوەی وڵاتێک ڕوودەدات دەیگوازێتەوە جیهان و ناکرێ حدودی بۆ دابنرێت**

سەتەلایت بە هیچ شێوەیەك لە خزمەتی دیکتاتۆریدا نییە، چونکە هەرچی لە چوارچێوەی وڵاتێك ڕوودەدات دەیگوازێتەوە جیهان و ناکرێ حدودی بۆ دابنرێت. وا دەکا سەرنجی دنیا زۆر بەئاسانی بکەوێتە سەر وڵات.

ئەگەر تەلەفزیۆنی سەتەلایت زەرورەت بێت بۆ پێشخستنی دیموکراسی، ئەوا لە دیموکراسیدا سەتەلایت و ئینتەرنێت کاریگەری زۆریان هەیە لە پشتیوانی کردنی پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا. لەم ڕۆژگارەدا دەوری ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن لە پشتیوانیکردنی ئافرەتان لە سەرانسەری جیهان دیارە، هەروەها لە کۆمەڵگای خۆشماندا دەیبینین. ئینتەرنێت توانایی تاک لە ژیاندا زیاد دەکات، قودرەتی ئەوەی پێدەدات کە دەنگی خۆی بە هەموو دنیا بگەیەنێ. کاتێك دەنگ بەرزبۆوە هاوکاری دەنگەکان شتێکی ئاسانە. بە شۆڕشی بەهاری عەرەبی دەڵێن شۆڕشی فەیسبوك. خەڵك یەکتری نەدەناسی، بەڵام لە پەیامەوە خەڵك یەکتری دەدیت و لە وڵاتێکی گەورەی وەکو میسر و وڵاتێکی کاریگەری وەك تونس و ئێستاش لە سوریا دەیبینین، ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت.

داهاتنی تەلەفزیۆن وەك ڕۆژنامە و ڕادیۆ نییە، موڵکی

گشتییه و دەبێ بە قانوون مافی کۆمەڵ دابین بکرێت. لە وڵاتی ئێمە حەقەکە وا لێکدەدەنەوە دەبێت دەمی سەتەلایت و ئینتەرنێت بگیرێ و لە قودرەتی کەمبکرێتەوە، دەبێ و دەبێ و یەك دنیا دەبێی بێتام کە هیچی ڕاست نییە. ئەوە ڕوانگای خۆپارێزیی و تەمبەڵییە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مسابەقە کردن بۆ چەسپاندن و گەشەپێدانی دیموکراسی، ئەگینا ئەو زەمانە تێپەڕیوە کە ڕەئیەکی بەتەنێ کۆمەڵگایەك چەواشە بکات. وەختێك دەنگێك بە تەنێ کۆمەڵگا تەشویه دەکات و وڵات بە سەهو دەبات کە بە تەنیا ئەو ڕەنگە و ئەو دەنگە ببیندرێ و ببیسترێ و مەجالی دیالۆگ نەبێت و تەنیا یەك تەرەف قسە بکات. لەم حاڵەتەدا دەچێتە ناو شێوازی پەروەردەیی و مێشك دەشواتەوە و دەبێتە داپڵۆسین و چاوسوورکردنەوە. ئەمانە تەلەفزیۆنی محەلی ناوخۆیی دەیکەن، ڕادیۆ و ڕۆژنامە پێشی ئینتەرنێت دەیانکرد.

لە زەمانی سەتەلایتدا و لەوکاتەی کە توانایی ئینتەرنێت لە دەستی ئێمەدایە و تەکنیکی ڕاگەیاندن کە داخلی هەموو بوارەکانی ژیان بووە، وادەکات دەنگێکی بەتەنێ هەرچەند بێهێزیش بێت ،دەکرێ تا بێ کۆتایی دەنگی معارز و تەواوکەر و تەفسیرکاری هەبێت، سەرەنجام بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە دیالۆگێکی فراوان و مونەزەم لەناو کۆمەڵگا. ئەگەر ڕەئیەك باش و بەردەوام بێت، ئەو مەرکەزانە درووست دەبن کە ئیستقتابی هێز دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ پێکدادانێکی کۆمەڵایەتی لەنێو وڵات ڕوویدات.

مێژووی ڕاگەیاندن لە کوردستان بەقەدەر مێژووی دەوڵەت و سیاسەت لە کوردستان گچکەیە و دەکرێ هەموومان لەبەرمان بێت. ئەوە قەدەری میللەتی ئێمە بووە، ئێمە میللەتێکین مێژوویەکی ئاڵۆزمان نییە، مێژوویەکی کورت و سادەمان هەیە. مێژوویەکی کورتی سادەی پێکهاتەیەکی نەتەوەییە کە بەشداری کردنی لە ناوچە جوگرافیەکەی خۆیدا زۆر سادە بووە. ئێمە بۆ ئەوەی تەعویزی نەقسی خۆمان بکەین دەڵێین؛ هەمیشە ژێردەست بووین! ئەرێ خێر بوو ئەو هەموو جیهانە سەردەست بوو، هەر ئێمە بە ژێردەستی ماینەوە؟ پێموایە وانییە، ئەمە زۆر راست بێت. راستییەکی مێژووییە: هەندێك لە پێکهاتەکانی قەومی و ئیتنیکی بە هۆکاری جیا جیا لە فەترەیەکی مێژوویی دوورودرێژدا چالاك نەبوون، دەنا مەعقول نییە، مەغۆل بەو گچکەیەیان بتوانن ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە لە ناوچەکەدا بکەن، بەڵام کورد بەو هەموو پان و بەرینییە، هەمیشە هەر بندەست بووبێت!!

لەگەڵ دەستگرتنی کۆڵۆنیالیزم بەسەر ناوچەی فراوانی ئەفریقیا و ئاسیا و تەنگ پێهەڵچنینی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، فکری ناسیۆنالیستی هاتە کوردستان و کورد بیری لەوە کردەوە پێکهاتەیەکی جیاواز بێت. پێش ئەوە خۆمان دەزانین چەند میرنشینێکمان هەبووە کە چەندی لە مێژوو بەرەوپاشەوە بچین سادە و سادەتر دەبنەوە، چەندی بەرەو سەرێ بێینەوە بەقووەت و بەهێزتر دەبن. هەربۆیە مێژووی ئێمە ئەگەر زۆر خاتری خۆمان بگرین، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە دەستپێدەکات.ئەویش مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە.

لە ساڵی ١٨٩٨ ڕۆشنبیرێکی چالاك و دووربینی بنەماڵەی بەدرخان لە قاهیرە، دەستیدایە یەکەمین کاری ڕاگەیاندن. ئەو پیاوە سمێڵ زلە چاوگەشە کە لە مێژووی ئێمەدا دەمێنێتەوە (میقداد بەدرخان) ڕۆژنامەی کوردستانی دەرکرد. ڕۆژنامەکە پێموابێت یەك ژمارەی دیار نییە ئەوەی دیکەی دیارە - هەموو کەسێک دەتوانێ هەمووی بخوێننەوە- دەبینن لەوێدا تەنیا ئەلف و بێی نەتەوایەتیی فێری میللەتێك دەکات.

ئەگەر سایکۆلۆجیای میقداد بەدرخان لە نووسینەکانیدا بخوێنینەوە وەکو پیاوێکی خوێندەوار وایە کە لە دەرەوە هاتۆتەوە بە میللەتێکی نوستوو دەڵێ: ئەتۆش دەکرێ هەبی! ئینجا چۆن هەبی و دەبێ فێری بیت. هەموو چیرۆکەکە لەو چوارچێوە دەرناچێ. بۆیە سەرەتای مێژووی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا تێکەڵە بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەپێناوی دروستکردن و ڕزگارکردنی نیشتمان.

دووەمین قوناغ، پاشی هاتنی ئینگلیزە بۆ عێراق و کوردستان ، ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) کە لە سلێمانی و هەندێکی لە بەغدا دەردەچوو. زۆر جار موناقەشە دەکرێ لە بۆچی شێوەزاری سلێمانی بوو بە لەهجەی سیاسەت و ڕۆژنامەنوسی لە قۆناغی دووەمدا؟ ئەگەر بە ڕێکەوت، ئینگلیز لە دهۆکەوە داخلی کوردستان بووبا، کرمانجی دەکردە زمانی ڕەسمی کوردی. کەواتە ئەوە زیندوویەتی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانی ناو کولتووری ئێمە نییە کە بڕیاریدا کام زار و چۆن بنووسرێ. نابێ لەبیریشمان بچێت کە تەداخولی دەرەوە لە فەرهەنگی میللەتاندا هەمیشە کاریگەربووە، بەتایبەتی لەسەر ئەو میللەتانەی کە خۆیان بیر لە گەشەپێدانی خۆیان ناکەنەوە.

دیاردەی حیزب بە مانای ریکخستنی سیاسی لە کوردستان دەستییپێکرد. لە بەغدا و سلێمانی ، دواجار لە هەولێر کەسایەتی و ناوەندی ڕۆشنبیرییانە درووست بوون. مێژووی بزووتنەوەی سیاسی لەبەرچاوی هەمووان دیارە، ژمارەیەکی زۆر بڵاوکراوەی دەوری و نهێنی دەردەچوون کە هەموویان لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیدا گرنگی خۆیان هەیە. لە ڕاستیدا ئەم زەمانە خەڵك زیاتر دەیانخوێنێتەوە تا لە زەمانی خۆیان، چونکە ڕۆژنامەی نهێنی، بەتایبەتی لە پێش پەنجاکاندا، دەستاو دەست دەگەڕا، چونکە قودرەتی چاپ بەو فراوانیەی ئێستا نەبوو، بەڵام لە ئەهەمیەتیان کەم نابێتەوە.

**ئەگەر سایکۆلۆجیای میقداد بەدرخان لە نووسینەکانیدا بخوێنینەوە وەکو پیاوێکی خوێندەوار وایە کە لە دەرەوە هاتۆتەوە بە میللەتێکی نوستوو دەڵێ: ئەتۆش دەکرێ هەبی! ئینجا چۆن هەبی و دەبێ فێری بیت. هەموو چیرۆکەکە لەو چوارچێوە دەرناچێ**

**تەداخولی دەرەوە لە فەرهەنگی میللەتاندا هەمیشە کاریگەربووە، بەتایبەتی لەسەر ئەو میللەتانەی کە خۆیان بیر لە گەشەپێدانی خۆیان ناکەنەوە**




**کتێبی ژمارە (٥)ی گوڵان**
**کەوتە بەردەستی خوێنەران**



## سەعد هەجرس

**ڕۆژنامەنووس و پسپۆری ئابووری بۆ گوڵان:**

# میلی کاتژمێر ناگەڕێتەوە دواوە و ئیخوان سوورن لەسەر خۆکوشتنی سیاسی

**سەعد هەجرسی پسپۆری ئابووری و نووسەری سیاسی و بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی (العالم اليوم)ـە لە میسر، ئەو وای دەبینێت کە واقعێکی سیاسی نوێ ئێستا لە میسر هاتۆتە ئاراوە دوای لەناوچوونی حوکمی ئیخوان و، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گوڵان وتی: گرەو لەسەر لەدایکبوونی بژاردەیەکی نوێی میسری لە هەموو رەوتە سیاسی و فیکرییەکان دەکرێت کە ئەرکی چاکسازی بارودۆخەکەی لە ئەستۆدایە، دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بژاردەی پێشوو لە رێگای گفتوگۆی نێوان هەموو هێزە نیشتمانییەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی هاوبەش کە هەموو لایەك ناچار دەکرێن بۆ گفتوگۆ نەك لەبەر خۆشەویستی خەڵك بۆ گفتوگۆ، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئابووری خراپی میسر هەموو لایەك ناچار دەکات، سەرەڕای کارکردنی هەموو لایەك بۆ تەواوکردنی بونیادنانی دەوڵەتی مۆدێرنی هاوچەرخ کە ئێستا هەیە و میسر پێویستی پێیەتی، داوا لە ئیخوان دەکەم رەخنە لە خۆیان بگرن بۆ هەڵە ستراتیژیەکان لەجیاتی خۆ بەستنەوە بە سیاسەتی رووبەڕوو بوونەوە و سوور بوون لەسەر گەڕانەوەی سەرۆکی لەکار لادراو موحەمەد مورسی.**

دیمانە: ئەسما ئەلحوسەینی ـ قاهیرە

*** ئێستا میسر بە چ ئاراستەیەك هەنگاو دەنێت، ئایا چارەنووسی ئیخوان چی دەبێت؟**

- ئێستا واقعێکی سیاسی نوێ دروست بووە، لە گرنگترین نیشانەکانی لادانی موحەمەد مورسییە لە سەرۆکایەتی دەوڵەت و داماڵینی ئیخوان موسلمین لە حوکم کە تەنیا یەك ساڵ و سێ رۆژ لە دەستیان بوو، لە جیاتی ئەوەی ئیخوان ئەم بارودۆخە لەبەر چاو بگرن و دان بە هەڵە ستراتیژییەکانی خۆیان بنێن، ئەم سەرکردایەتی کە دووربین نییە و خەیاڵ فراوان نییە، دەستی کردووە بە سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی مەیدانی بە کۆبوونەوە لە گۆڕەپانی رابیعە عەدەویە و دەوروبەری پەیکەری رابوونی میسر و دەستپێکردنی خۆنیشاندانی شەوانە، و هەوڵدان بۆ قۆستنەوەی ئەم زیانە مرۆییانەی کە لە ئەنجامی ئەم خۆنیشاندانانە دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی خۆیان وەك قوربانی وێنا بکەن و هاوسۆزی ناوخۆیی و دەرەوە بەدەست بهێنن و گرنگی زیاتریش بە دەرەوە بدەن، و هاوتەریب لەگەڵ ئەم نەهجە مەیدانییە هەوڵی خستنەڕووی دەستپێشخەری دەدەن کە لە ناوەڕۆکدا جیاوازن، بەڵام لە چەند لایەنی سیاسییەوە هاوبەشن، گرنگترینیان بازدان لەسەر راستییە نوێیەکان کە شۆڕشی نوێ هێنایە ئاراوە، تەنانەت سڕینەوەیان بۆ نموونە هەوڵی گەڕاندنەوەی مورسی ئەگەر بێدەسەڵات و بۆ چەند دەقیقەیەکیش بێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی رادەستی سەرۆك وەزیران بکات بە تەوافوق.

*** چ سوودێك دەبینن ئەگەر ئەم کارە بکەن؟**

- بیانوی ئەم دەستپێشخەریە ناپاکانە کە ئەمە بە تاکە رێگەی گەیشتن بەوە دەزانن کە خۆیان بە (شەرعیەت) ناوی دەبەن، واتە دەیانەوێ (شەرعیەت)ی سەرۆکی لەکار لادراو و جەماعەتەکەی، ئەو شەرعیەتەی کە بە هێرشکردنی مورسی بۆ سەر دەستوور و دادگا تووشی داخوران هات بەتایبەتی گوناهی جاڕدانی نادەستووری کە دەیگۆڕی لە سەرۆکێکی هەڵبژێردراوەوە بۆ خواوەندێك کە هەڵە نەکات، پێموایە خاوەنی ئەم دەستپێشخەریانە دەیانەوێ شەرعیەت بە سەرۆکێك بدەن کە خۆی دوا بزماری لە تابوتی شەرعیەتی خۆی دا، دواتر گەردەلوولی بێ وێنەی ملیۆنان میسری هات و ئەم شەرعیەتەی رووخاند.

*** بۆچی ئیخوان تا ئێستا تانە لە شەرعیەتی شۆڕشی ٣٠ یۆنیۆ دەدەن؟**

- کاتێك بەم شێوەیە باس لە شەرعیەت دەکەن دەیانەوێ بیرۆکەیەکی چەواشەکاری تێپەڕێنن کە ئەمەی روویدا کودەتایەکی سەربازی بوو، ئەمەش ئیهانەی ملیۆنەها میسرییە کە ئەم شەپۆلە شۆڕشگێڕییە نوێیەیان دروستکردووە و بارودۆخی سیاسی ئێستا ساختە دەکەن

**داوا لە ئیخوان دەکەم رەخنە لە خۆیان بگرن بۆ هەڵە ستراتیژیەکان لەجیاتی خۆ بەستنەوە بە سیاسەتی رووبەڕوو بوونەوە و سوور بوون لەسەر گەڕانەوەی موحەمەد مورسی سەرۆکی لەکار لادراو**

و هەوڵ دەدەن میلی کاتژمێر بۆ دواوە بگەڕێننەوە لە هەردوو ئاراستەی مەیدانی و سیاسی، ئیخوان و هاوپەیمانان هەوڵ دەدەن شۆڕش لەناوبەرن و ئەو دەسەڵاتە بگەڕێننەوە کە لە دەستیان داوە و بەرژەوەندی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندی نیشتمان داناوە و ئەوەی سەیرە کە تەکتیکەکانی ئەوان سەرکەوتووەکان بەکاری دەهێنن لەکاتێکدا ئەوان دۆڕاون.

*** بەڵام ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە سیاسەت شوێنی نەماوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم ململانێیە؟**

- ڕەنگە ئێستا ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمنی و بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی و تیرۆر و بەلتەجیەکان و پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکان بێهێزکردنی دەوڵەت بە توندوتیژی کوێرانە لە سینا و سەرتاسەری میسر، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ پەنا بۆ چارەسەری سیاسی و دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆی نیشتمانی نێوان هەموو لایەنەکان بەرین بەبێ پەراوێز خستن یان ڕیشەکێش کردنی هیچ لایەنێك.

*** بۆچی ئەم هەموو شڵەژان و ناڕوونیە دەربارەی بارودۆخی سەرۆکی لادراو موحەممەد مورسی؟**

- ئێستا پێویستمان بە یەکلایی کردنەوەی زۆر لە فایلەکان هەیە کە ناکرێ دوابخرێن وەك مەلەفی سەرۆکی لادراو موحەممەد مورسی، چونکە لە شوێنێکی نادیار دەستبەسەرە و بڕیارێك نەدراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی، بەڵکو تا ئێستا دوودڵییەك هەیە، نازانین ئایا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و تۆمەتی ئاراستە دەکرێ یان نا؟ بەڵام تەنانەت کەسێکی ئاسایی دەزانێت کە ئەو تۆمەتانەی بوونەتە هۆکاری دەستگیرکردنی حوسنی موبارەك و لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵی هەموویان لە مورسیشدا کۆبوونەتەوە، هەروەها کێشەی بەندیخانەی دۆڵی نەترون پەردەی لەسەر زۆر تاوان هەڵدایەوە وەك سیخوڕی کردن بۆ بێگانە تا دەگاتە کێشەی هەڵهاتنی زیندانیان و تێیدا پەنجەی تاوان بۆ مورسی درێژکراوە، واتە تۆمەتی دیاریکراوی ئاراستە کراوە لە ماوەی حوکمڕانیی و پێش ئەوەی جڵەوی حوکم بگرێتە دەست، کەچی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ناکرێ و تا ئێستاش هۆکاری ئەم دوودڵییە ناڕوونە و لە ئەنجامدا ئیخوانی لە هەڵوێستی بەرگرییەوە گواستەوە هەڵوێستی هێرش بردن و ئەگەر مورسی بۆ چەند کەیسێك داوا کراو نەبێت بۆی هەیە بچێتەوە ماڵی خۆی، بەڵام ئەگەر لەبەر هۆکارێك دەستبەسەر بێت ئەوا پێویستە ڕابگەیەنرێت و شوێنی دەستگیر کردنیشی دیاری بکرێت و ڕێگا بە پارێزەر و خێزانەکەی بدرێت سەردان و پەیوەندی پێوە بکەن.

*** چۆن دەڕوانیتە پاشەڕۆژی ئاشتەوایی نیشتمانی کە مایەی ناکۆکییە لە میسر؟**

- ئەگەر پێداویستی سیاسی ڕێگا بەم ڕێکەوتنانە بدات ئایا مەرجەکانی چین؟ و گرنگتر لەوەش گفتوگۆ لەگەڵ کێ دەکرێ؟ ئایا لەگەڵ نووسینگەی ئیرشاد کە حاکمی فیعلی میسر بوو لە ساڵی ڕابردوو و بەرپرسی ئەو کارەساتانە بوو کە لەم ساڵە کەبیسەدا بەسەر میسردا هاتوون بە ئێستاشەوە وەك فیتنە نانەوە و هاندان بۆ دابەشکردنی سوپا و هاندانی تیرۆریستان لە سینا بۆ هێرش کردنە سەر سوپا و پۆلیس بۆ گەڕاندنەوەی مورسی، یان ئەم ڕێکەوتنە لەگەڵ چەند لایەنێکی دیکە لە چەپی توندڕۆ و ئایا ئەمانە کێن؟ و لەسەر چ بنەمایەك دەربارەی پێوەندی نێوان دین و سیاسەت.

*** بە ڕای تۆ بۆچی ئیخوان سەرکەوتوو نەبوون لە مانەوەیان لە دەسەڵات؟**

- ئیخوان توانیان بێنە سەر دەسەڵات و نەیانتوانی بیپارێزن لە ساڵێك زیاتر، توانیان متمانە و دەنگی زۆرێك لە میسرییەکان بەدەست بهێنن، بەڵام نەیانتوانی کەمترین بەڵێنەکانیان لە هەڵبژاردنەکان بهێننەدی، بۆیە ناڕەزایی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی بێ وێنە بەرز بۆوە تاکو هەڵمەتی (یاخی بوون) سەرکەوت و ئیمزای زیاتر لە ٢٢ ملیۆن هاووڵاتی بە دەستهێنا کە داوای سەندنەوەی متمانەیان لە مورسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەکرد، لە جیاتی ئەوەی سەرۆکایەتی ئیخوان خوێندنەوەیەکی باشی پاڵنەرەکانی شۆڕشی ٣٠ی یۆنیۆ و (یاخی بوون)ی بکەن و هۆکارەکانی ئەم گەردەلوولە شۆڕشگێڕییە شی بکەنەوە، بەردەوام بوون لەوەی سەریان خستبووە لمەوە و بەردەوام بوون لە سیاسەتی ئینکار کردن بە ڕاددەیەك کە سەرکردە گەورەکانیان بەردەوام لە سەکۆی ڕابیعە عەدەویە دەیانگوت شۆڕشی ٣٠ یۆنیۆ تەنیا شۆڕشی (فۆتۆشۆپ) بوو، واتە ئەوەی ئە ڕۆژە ڕوویدا و جیهانی سەرسام کرد تەنیا فێڵ کردن بوو لە چاوی ملیاران کەس کە سەیری ڕوودواوە ئەفسوناوییەکەیان دەکرد لە گۆڕەپان و شەقامەکان یان لە ڕێگای شاشەی سەتەلایتە جیهانیەکان و هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پێموایە ئەم قسە پڕوپوچانە ئینکار کردنی واقعێکی هەست پێکراو بوو، کە لە ئەسڵدا مشتومڕ قبوڵ ناکات، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئیهانە کردنێکی نوێی گەلی میسر بوو بە گشتی و بە خودی ئەندامانی ئیخوان موسلمینیشەوە، بە هەزاران لە ئەندامانی ئیخوان مافی خۆیان بوو کە ئەندامانی نووسینگەی ئیرشاد داوای لێبوردن لەو هەڵانە بکەن کە لە ماوەی تاکە ساڵێکی حکومڕانییان ئەنجامیاندا، بەڵام ئەوان لەم سەرکردایەتییە فاشیل و نەزۆکە تەنیا بەردەوام بوون لە خۆدزینەوە و درۆ و بیانوو هێنانەوە، تەنانەت ڕۆڵەکانی ئیخوانیشیان بە کوشت داو ڕووبەڕووبوونەوە بەردەوام لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگە لەپێناو وەهمی نوێ، سەرەڕای ئەوەی کە داواکانیان ئەستەمە.

**لە جیاتی ئەوەی سەرۆکایەتی ئیخوان خوێندنەوەیەکی باشی پاڵنەرەکانی شۆڕشی ٣٠ی یۆنیۆ و بکەن و هۆکارەکانی ئەم گەردەلوولە شۆڕشگێڕییە شی بکەنەوە، بەردەوام بوون لەوەی سەریان خستبووە لمەوە و بەردەوام بوون لە سیاسەتی ئینکار کردن**

**یەکێک لەو هەوڵانەی کە ئیخوان ئەنجامیان دا هەوڵیاندا فەرهەنگی میسر بخەنە ژێردەستی خۆیان بۆ بەدیهێنانی پرۆژەی خەلافەتی ئیسلامی**

*** گرنگترین ئەو هەڵانە چین کە ئیخوان ئەنجامیان دا؟**

- هەوڵیاندا زۆر لە هێزە سیاسی و لیبرالی و چەپەکان و تەنانەت هەندێك لە هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان لە ناوبەرن وەك حزبی نوری سەلەفی و دەوڵەتیان وا لێکرد کە رووبەڕووی ئەگەری هەڵوەشانەوە بێت و دەسەڵاتی دەوڵەت لە سینا نەمابوو، هێرشیان کردە سەر شێخەکانی ئەزهەر و کاتدرائیەی مەرقسی و داداگای دەستووریان گەمارۆدا دوای ئەوەی بە فشاری ئەمریکی دەستیان بەسەر ئەنجوومەنی سەربازیدا گرت، هەروەها هەوڵیاندا فەرهەنگی میسر بخەنە ژێردەستی خۆیان بۆ بەدیهێنانی پڕۆژەی خەلافەتی ئیسلامی.

لە راستیدا ئیخوان بڕوایان بە موئەسەسات نییە و دوای ئەوەی کە دەسەڵاتیان گرتە دەست کەوتنە ململانێ لەگەڵ هەموو موئەسەسەکانی دەوڵەت، سەرەتا بە موئەسەسەی سەربازی دەستیان پێکرد و بە موئەسەسەی دادوەری کۆتایی هات.

*** ئایا هەموو ئیخوانەکان هەمان بیروبۆچوون ئەقڵیەتیان هەیە؟**

- لەنێو راسترەوە ئایینیەکاندا کەسایەتی ئاقڵی وەك د.محەمەد حەبیبمان بینیووە، کە هەتا ئەم دواییەش کەسی دووەم بووە لەریزبەندی سەرکردەکانی ئیخوان و جێگری مورشیدی گشتی ئیخوان بووە، ئەو داوای دەکرد ئەندامانی مەکتەبی ئیرشاد دەست لەکاربکێشنەوە و داوای لێبوردن بکەن و داوای لەدەوڵەت دەکرد لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن لەسەر ئەو تاوانانەی دژی نەتەوە و نیشتمان ئەنجامیانداوە.

*** ئەی سەبارەت بە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی رابیعەی عەدەوی چی دەڵێیت؟**

- بەردەوام بوونی پەناگیریی کۆمەڵێك کاریگەری نەرێنی دروستکرد و بووە هۆی پێکهەڵپژانی لایەنە پێکناکۆکەکان، بۆیە ئەمە پێویستی بەوە دەکرد کە ئەو خۆپیشاندانانە بە هێزێکی پرۆفیشناڵ کۆتایی پێبهێنرێت و گیانی میسرییەکانیش بپارێزرێت، مافی خۆپیشاندانیش بۆ لایەنگرانی سەرۆکی لەکارلابراو پێویستە لەچوارچێوەیەکدا بێت کە نابێت زیان بە ئاسایشی نیشتمانی بگەیەنێت و بەرژەوەندی خەڵکی پەکبخات، لێرەدا بەکارهێنانی هێز بۆ کۆتایی هێنان بەوجۆرە خۆپیشاندانانە، خۆپیشاندانی هێمن و ئاشتیخواز ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە کار گەیشتە توندوتیژیی ئەمریکاش ناچار بوو بە هێز خۆپیشاندانەکانی وۆل ستریت کۆتایی پێ بێنێ، بۆیە چەند باج بدەین بۆ کۆتایی هێنان بەو جۆرە خۆپیشاندانانە نابێت بگەڕێینەوە بۆ دواوە، لەبەر ئەوەی مورسی جارێکی دیکە نابێتەوە بەسەرۆك لەبەر ئەوەی لەلایەن گەل و سوپا و راگەیاندن و دەسەڵاتی دادوەرییەوە رەتکراوەتەوە.

*** ئەی چۆن سەیری دەستگیرکردنی مورشیدی گشتی ئیخوان و ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەکانی ئیخوان دەکەیت؟**

- دەستگیرکردنی ئەو سەرکردانەی ئیخوان کە هانی ئەو توندوتیژیانەیان داوە کە لە چەند هەفتەی رابردوو میسر بەخۆیەوە بینی، هەواڵێکی دڵخۆشکەر بووە لای میسرییەکان.

*** سەبارەت بە حکومەتی کاتی ئێستای میسر، ئایا چۆن سەیری کارەکانی ئەم حکومەتە دەکەیت؟**

- من پێموایە نابێت حکومەت تەنیا سەرقاڵی تیرۆریستەکان بێت، بەڵکو دەبێت شان بەشانی ئەو ئەرکە هەوڵی باشترکردنی باری ئابووری بدات، هەروەها ئێستا گرنگە دەوڵەت هەڵمەتێکی هۆشیاری دەست پێبکات بۆ ئەوەی بەسەر نەزانی و دیاردەی کۆنەپارێزی زاڵ بێت و هەروەها دەبێت هەنگاوەکانی خێراتر بکات بۆ ئەوەی ئاراستەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی راست بکاتەوە و هاووڵاتیانی میسر هەست بەوە بکەن کە لەدوای حکومی ئیخوانەوە ژیان بەرەو باشتر دەچێت.

*** ئایا چۆن سەیری ئاییندەی میسر دەکەیت لەکاتێکدا میسر رووبەڕووی تەحەددی گەلێك بۆتەوە؟**

- من ئومێدم بە لەدایکبوونی دەستەبژێرێکی تازەی میسر هەیە لەهەموو ئاراستە فیکری و سیاسییەکان بۆ ئەوەی ئەرکی چارەسەری بارۆدۆخەکە بگرنە ئەستۆ، پاش ئەوەی رۆڵی دەستەبژێری کۆن کۆتایی هات، بۆیە لێرەوە گرنگی دیالۆگ لەنێوان هەموو هێزە نیشتمانیەکان دەست پێدەکات، بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

*** ئایا ئەم دیالۆگە لە ئێستادا دەکرێت؟**

- پێموایە لە کاتێك لەکاتەکاندا هەموو لایەك ناچار دەبن دیالۆگ بکەن، ئەمەش نەك لەبەر خۆشەویستی بۆ دیالۆگ، بەڵکو لەبەر باری ئابووری خراپ و کەمی یەدەگی نەختی و بەرزبوونەوەی نرخ و زیادبوونی قەرزەکان، ئەمە وادەکات هەموو ناچاربن دیالۆگ بکەن، هەروەها لەبەر ئەوەی پێویستیە هەموو کار بکەن بۆ تەواوکردنی بونیادی دەوڵەتێکی مەدەنی هاوچەرخ لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون و سەروەریی یاسا بۆ هەموو لایەك.

*** ئایا تاچەند شکستی ئیخوان لەمیسر کاریگەری لەسەر تەواوی وڵاتانی دیکەی عەرەبی دەبێت؟**

- بەڵی پێموایە کە کەوتنی ئیخوان لەمیسر، دەرهاویشتەی گەورەی لەسەر تەیاری راسترەوی ئایینی لە وڵاتانی بەهاری عەرەبی دەبێت، هەروەها کاردانەوە دەبینین لەسەر پڕۆژەی ئیخوانی کە ئامانجی ئەوەبوو بنەمای دەوڵەتی نیشتمانی تێکبشکێنێت، لە میسریش من لەو بڕوایەدام کە دەبێت لاوەکانی ئیخوان لەخۆبگرین بۆ ئەوەی سوود لەتواناکانیان وەربگرین بۆ بەرژەوەندی نیشتمان.

**پڕۆژەی ئیخوانی کە ئامانجی ئەوەبوو بنەمای دەوڵەتی نیشتمانی تێکبشکێنێت**

**ئیخوان بڕوایان بە موئەسەسات نییە و دوای ئەوەی کە دەسەڵاتیان گرتە دەست کەوتنە ململانێ لەگەڵ هەموو موئەسەسەکانی دەوڵەت، سەرەتا بە موئەسەسەی سەربازی دەستیان پێکرد و بە موئەسەسەی دادوەری کۆتایی هات**

بەهرۆز محەمەد ساڵح
پارێزگاری سلێمانی بۆ (گوڵان):

# ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بایەخ بەهەموو پارێزگاکان دەدات بەتایبەتیش سلێمانی



بەهرۆز محەمەد ساڵح لەم دیمانەیەی گوڵان دا باسی ئەو پرۆژانەی کرد کە ئەمساڵ چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە؛ لەوانە درووستکردنی نزیکەی ٦٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و درووستکردنی پرۆژەکانی ڕێگەی دوکان - چوارقوڕنە، سلێمانی - دەربەندیخان، کەلار - دەربەندیخان، عەربەت – پێنجوین. پارێزگاری سلێمانی ئاماژەی بەهۆکاری دواکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیش کردو رایگەیاند: کە ئەوان لیستی رەشیان بۆ ئەو کۆمپانیانە هەیە کە کارەکانیان وەك پێویست نییەو غەرامەی ئەوانەش دەکەن کە پرۆژەکانیان بەهۆی کەمتەرخەمییەوە دوا کەوتووە. سەبارەت بە کەم ئاویش ئاماژەی بە بوونی ئەو کێشەیە کرد. سەرۆکی یەکەی ئیداریی سلێمانی ڕاشکاوانە وەڵامی چەندین پرسیاری دیکەی داینەوە، کە تایبەت بوو بە پرۆژەکانی شارەوانی و بەرنامەو کاری داهاتوویان. لێرەدا پوختەی وەڵامەکان بڵاو دەکەینەوە.

*** گرنگترین ئەو پرۆژانەی لە ساڵی ٢٠١٣ لەپلانی پارێزگا بوو جێبەجێ بکرێت چییە ؛ هەروەها تاچ رادەیەك لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پارێزگا سەرکەوتوو بوون ؟ ئایا میکانیزمێك هەیە کە ریزبەندی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان دابنێت ؟**

-لە سلێمانی پرۆژەکانی پارێزگا ساڵانە بەپێی پلانێك جێبەجێ دەکەین؛ تەنانەت پێم وایە سلێمانی تاکە پارێزگایە بەپێی پلانێکی ریکوپێك پرۆژەکانی جێبەجێ دەکات، بۆ ئەمساڵ چەندین پرۆژەی ستراتیژیی لە قۆناغی جێبەجێکردندایە لەوانە شەقامی ١٠٠ مەتری و پاککردنەوەو دووبارە بەکارهێنانی ئاوی قورس و ریسایکلینی سلێمانی و پرۆژەکانی شاری رۆشنبیریی و شاری پیشەسازیی عەربەت و ماستەرپلانی هاتوچۆ، کە هەموویان لێکۆڵینەوەو کارکردن لەسەریان بۆ ئەمساڵ و ساڵی داهاتووش بەردەوام دەبێت.

پێشتر بەهۆی نەبوونی پلانەوە پرۆژەکان جێگەی خۆیان بەباشی نەدەگرت، بەڵام ئێستا پرۆژەکان بەپێی ئەولەویەت و جێبەجێ دەکرێن. میکانیزمەکەش ئەوەیە ئێمە داوا لە ئیدارەی ناحیە و قەزاکان دەکەین پرۆژە و پلانی ساڵانەی خۆیانمان بۆ ئامادە بکەن پاشان لەرێگەی لیژنەیەکی پارێزگاوە و بە هاوکاری رێکخراوی UNDP سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ریزبەندی بۆ پرۆژەکان دەکەین و گرنگەکانیان لەلای خەڵکەوە لە پێشەوەی ریزبەندییەکە دادەنێن بۆ جێبەجێکردن و ئەوانەی زۆر گرنگ نین رایدەگرین بۆ ساڵانی داهاتوو، بۆ ئەمساڵ دەستمان بە کارکردووە و لیژنەیەك بە هاوکاری UNDP پێکهاتووە بۆ دانانی پلانی پرۆژەکانی ٢٠١٤.

*** ماوەیەك لەمەوبەر شاندێکی باڵای حکومەت بەسەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی گەیشتنە شاری سلێمانی و چەندین کۆبوونەوە و بەردی بناغەی پرۆژەی گرنگ دانرا ؛ ئایا دەرئەنجامی ئەو سەردانەو دواتر سەردانی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم چی لێکەوتەوە؟**

- سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، نیشانەی گرنگیدانی کابینەی حەوتی حکومەتی هەرێمە بە ئاوەدانی زیاتری ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت سلێمانی، ئێمە سوپاسی سەرۆکی حکومەت دەکەین و خۆشحاڵین کە بەشێوەیەکی مەیدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم بەسەر دەکاتەوە لەنزیکەوە لە کەموکوڕی کێشەکانیان دەپرسێتەوە، سەرۆکی حکومەت لەسەردانەکەیدا چەندین کۆبوونەوەی ئەنجامدا لەگەڵ فەرمانگەکانی سلێمانی و خەڵکانی دەرەوەی حکومەت، کە بێگومانم کاریگەریی لەسەر دیدی حکومەت بۆ کێشەکان هەبووە، هەروەها فەرمانی کرد کە وەزیرەکان سەردانی پارێزگای سلێمانی بکەن و لەنزیکەوە لەگەڵ ئیدارەی سلێمانی و فەرمانگەکانیان لە سلێمانی دابنیشن و کێشەکان بە وردی تاوتوێ بکەن، خۆشبەختانە ژمارەیەك لە وەزیرەکان سەردانی سلێمانیان کرد، ئەو سەردانانەش کاریگەری باشیان لەسەر چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەکان هەبوو بەتایبەت راستکردنەوەی ئەو هەڵە تێگەیشتنانەی لەبارەی رێنماییە ئیداریی و داراییەکانەوە دروست بوو بوون. سەرجەم کۆبوونەوەکانیش لەرێگەی کۆنووسێکەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراون بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی لە دەسەڵاتی وەزیرەکاندا نییە لە رێگەی ئەنجومەنەوە چارەسەر بکرێن.

***ئایا وەکو پارێزگا هیچ کێشەو گرفت لەگەڵ هیچ وەزارەتێکدا هەیە بەتایبەت لە بەڕێوەچوونی پرۆژەکان ؟**

- کێشەمان لەگەڵ وەزارەتەکاندا تەنیا لە زۆری رۆتینداییە، کێشەکەش دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجاوی رێنمایی و یاساکان لەگەڵ قەبارەی پرۆژەو ئیشەکانی ئێستا و ئەو پێشکەوتنانەی هەیە، چونکە زۆرێك لە یاساو رێنماییەکان بۆ سەردەمێك نووسراون جیاوازە لەسەردەمی ئێستا، بەتایبەت رێنماییە داراییەکان کە کێشەی زۆر بۆ پرۆژەکان دروست دەکات و بەڵێندەرو خاوەنکار زۆر ماندوو دەکات جگە لەوە زۆر تەفسیری جۆراوجۆری بۆ ئەو رێنماییانە دەکرێت و ئەوەندەی تر کێشە دروست دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئێستا وەزارەتی دارایی سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بە سەرجەم رێنماییەکاندا کە پێموایە ئەوە کاریگەریی باشی لەسەر خێراترکردنی کارەکان دەبێت.

***ئەو پرۆژانەی لە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتووانی سلێمانی ئەنجامدراون، کرین و فرۆشتنەوەی پێوەکراوە، تەنانەت زۆربەی پرۆژەکان دەستی دووەم و سێیەمی کردووە نرخەکانیشی بەرزبۆتەوە، ئایا بەرنامەتان بۆ دروستکردنی خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هەژارو کەمدەرامەت و کرێچییانی شاری سلێمانی هەیە؟**

-بەڵێ؛ ئەوە راستە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەجیاتی ئەوەی چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون بکەن وەك بابەتێکی بازرگانی مامەڵەی پێوەکراوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو ئێمە لە سەرەتای کاری وەبەرهێنان لە کوردستاندا خوازیار بووین هەر جۆرێك بووە خەڵك دەست بکەن بە کاری وەبەرهێنان و سەرمایەی خۆماڵی بەگەڕ بخەن، بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبوونی ئەو قۆناغەو بە سوود وەرگرتن لەو ئەزموونە حکومەتی هەرێم بڕیاریداوە بە تەواوەتی بە سیاسەتی نیشتەجێبووندا بچێتەوە، حکومەت دەستەیەکی تایبەت بە نیشتەجێبوون دادەمەزرێنێت و ئەو دەستەیە سەرپەرشتی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون دەکات لە هەرێم لە جیاتی ئەوەی چەند لایەنێك بیکەن، ئەمە هەنگاوێکی نەوعی گرنگە بۆ چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون. وێڕای ئەوە ئێمە لەساڵی ٢٠١١دا ئەزموونێکی ترمان لە بواری دروستکردنی یەکەدا تاقیکردەوە، کە ئەویش دروستکردنی نزیکەی ٦٠٠ یەکەیە بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، ئەو یەکانە ئێستا تەواوبوون و لەرێگەی فۆرمەوە دابەشیان دەکەین کە دابەشکردنەکەش ئەزمونێکی تری تازەیەو چاوەڕێ دەکەین زۆرترین دادپەروەری تێدا بەرجەستە ببێت، ئەو یەکانە بەبێ پێشەکی و بە قیستی مانگانەی کەم دەدرێت بە هاووڵاتی کەمدەرامەت، کارەکەش ئەوەیە ئێمە بە نرخێکی زۆر کەمتر لە پرۆژە نیشتەجێکردنەکانی تر ئەو یەکانەمان دروستکردووەو بەهەمان کوالێتی و خۆشمان سەرپەرشتیمان کردوون.

ئەوە سەرەتای کارەکەبوو، ئێستا خەریکی پەرەپێدانی

**دوابەدوای سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ سلێمانی سەرجەم کۆبوونەوەکانی وەزیرەکان لە پارێزگای سلێمانی لەرێگەی کۆنووسێکەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراون بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی لە دەسەڵاتی وەزیرەکاندا نییە لە رێگەی ئەنجومەنەوە چارەسەر بکرێن**

**پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەجیاتی ئەوەی چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون بکەن وەك بابەتێکی بازرگانی مامەڵەی پێوەکراوە**

ئەو ئەزموونەیـــن، بەڕێگەی جۆراو جـــۆر لەوانە لەڕێگەی وەبەرهێنانـــەوە، بەم ڕێگەیە ئێســـتا نزیکـــەی ٣ هەزار یەکە کاری لەســـەر کـــراوەو کۆمپانیاکان نرخەکانیان پێشـــکەش کردووە، سیســـتمەکەش ئەوەیە ئەو یەکانەی دروست دەکرێت لەڕووی کوالێتیەوە ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین و هەر خۆشمان لەڕێگەی سیستمی کۆمپیوتەرییەوە دابەشی دەکەین، کێبڕکێی کۆمپانیاکانیش بۆ درووســـتکردنی ئەو یەکانە لەسەر نرخی یەکەکان و ماوەی قســـتەکان دەبێت. مـــن تەئکید دەکەمەوە هەنگاوەکان بۆ چارەســـەری کێشەی نیشتەجێبوون هەنگاوی جددین و وەك حکومەت بە پەرۆشـــین بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە.

*** پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی وەبەرهێنان کەموکوڕی تێدایە، هەروەهـــا خەڵکی گلەیی لـــە بەرزبوونـــەوەی نرخەکانیش دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی سلێمانین و کەمدەرامەت و کرێچیـــن؟ بەڕێزت وەکـــو پارێـــزگار چ بەرنامەیەکت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەبەردەستدایە؟**

-بەشـــێك لە وەڵامی ئەم پرسیارە لە وەڵامی پێشتردا ئاماژەم پێکرد، بەڵێ وەك وتم بەهۆی کامڵ نەبوونی ئەزموونی ئێمە لە بـــواری وەبەرهێنان لە کەرتی نیشـــتەجێکردندا ئیدارەدانی ئەو کەرتە لە کێشـــە بەدەر نییە، هاووڵاتیان گلەییان لە خاوەن پڕۆژەکان هەیـــەو هەقی خۆیانە، ئێمە هەمیشـــە دووپاتمان کردووەتەوە کە دەبێت بەرژەوەندی هاووڵاتیان لەســـەرو هەموو شـــتێکەوە بێت. من بۆ خۆم زۆرێك لە پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوونم بەسەرکردوەتەوەو لە نزیکەوە لە کەموکوڕییەکانیان ئاگادار بـــووم، وەك حکومەتیش چیمان پێ کرابێت بۆ چارەســـەری کێشـــەکانیان بەتایبەت نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەك نەخۆشخانەو خوێندنگاو باخچە کردوومانە، بڕیاریشمانداوە لەمەودوا چاودێری جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانە بکەین، چونکە راســـتە ئەوانە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ســـەرەنجام هاووڵاتی تێدا نیشتەجێ دەبێت و دەبێتە بەشێك لە شارو پێویستە حکومەت خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکات.

***هەندێك جار هەندێ گەڕەکی هەژارنشین گلەیی و گازاندە لە کەمی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەکەن، چی پڕۆژەیەکتان بۆ ئەم گەڕەکانە لەبەردەستدایە؟**

- ئێمـــە جیاوازی ناکەین لەنێوان گەڕەکی هەژارو گەڕەکی دەوڵەمەند، لـــە بنەڕەتیشـــەوە حەز بەوە ناکەیـــن گەڕەکی هەژارو گەڕەکی دەوڵەمەند لە شـــارەکانماندا هەبێت، ئەگەر مەبەســـتەکەش هەندێك گەڕەکـــی قەراغ شـــار بێت، ئەوا دواکەوتنی پڕۆژە خزمەتگوارییەکانی ئەو گەڕەکانە پەیوەندی بـــەوەوە نییە ئەوانە هەژارن حکومـــەت ئاوڕیان لێ ناداتەوە، بەپێچەوانـــەوە ئێمە خزمەتکاری وەك دەڵێن خانووە قوڕەکانین، بەڵکو کێشـــەکە ئەوەیە زۆرێك لەو گەڕەکانە بەشێوەی تەجاوز و زیادەڕۆیی دروستکراون و تەملیك نەکراون و نەخشەی نییە، شارەوانیش بێ نەخشـــتە ناتوانێت خزمەتگوزاریی پێشکەش بەو شـــوێنانە بکات. بۆیە ئێمە لە ئێســـتادا بۆ سەرجەم ئەو گوند و گەڕەکانەی کە کەوتوونەتە ناو ماستەرپلانی سلێمانی تیمی تایبەتمان درووستکردووە بۆ دانانی نەخشەی ڕێکوپێك و تیمەکان کاری باشیان کردووە، چاوەڕوانیش دەکەین لەڕێگەی وەزارەتی شـــارەوانی و پەرلەمانەوە یاســـایەك بۆ چارەسەری زیادەڕەویـــی ئەو شـــوێنانە دابنرێت. هەرچۆنێـــك بێت ئێمە بەردەوامین لە چارەســـەکردنی ئەو کێشـــەیەو لە چارەسەری یەکجاری نزیك بووینەتەوە.

***ئێستا خەڵکێکی زۆر لە وڵاتی ئێران و شارەکانی عێراقەوە بەتایبەتـــی عەرەبەکان ڕوویان لە ســـلێمانی کردووە و خانوو یەکەی نیشتەجێبوون دەکڕن و لەســـەریان تەملیك دەکرێت و هەر ئەمانەش کاریگەرییان لەســـەر گرانی خانوو و زەوی و کرێی خانوو هەیە، گەرچی دەزانین کێشەی کرێچی خەڵکی سلێمانی بە تەواوی چارەسەر نەکراوە؟**

-ئێمە ناتوانین ڕێگری بکەین خەڵکی ناوچەکانی تری عیراق خانـــوو یان ماڵ لە هەرێم نەکڕن، چونکە لە دەســـتووردا ئەو مافـــە دراوە، وەك چۆن ئەگەر ئێســـتا بارودۆخی بەغدا وا نەبوایە خەڵکی ئێمـــە دەیتوانی لەوێ ماڵ و موڵك بکڕێت. راســـتە هاتنی ئەو خەڵکانە کاریگەریی سلبی خۆی هەیە، بـــەڵام ئێمە لەســـەردەمی جیهانگیریدا دەژین و داخســـتنی دەرگاکانمان بە ڕووی هاتنی خەڵکانی تردا کارێکی نەکردەیە، هاتنی ئەو خەڵکانە ئاماژەیە بۆ بوژانەوەی ئابووری هەرێم و زۆرێـــك لەوانەی دێنە هەرێمیش لەو کەرتانەدا کار دەکەن کە خەڵکی ئێمە کاری تێدا ناکات یان پسپۆڕی پێویستمان بۆ ئەو کارانە نییە. ئەو خەڵکانە ڕۆڵی باشـــیان هەبووە لەبونیادنانی وڵاتەکەدا، بەڵام ڕێکخســـتنیان ئەرکی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە بۆ ئەوەی نەبنە بارگرانی بۆ دەســـتی کاری هەرێم. سەبارەت بە درووستبوونی کێشەی نیشەجێبوون بەهۆی ئەو کەسانەوە، ئەوە راستی تێدا هەیە، بەڵام ئەرکی حکومەتە چارەسەری کێشەی نیشەجێبوون بکات بێ ئەوەی ناچار بێت ڕێگری لە هاتنی دەســـتی کارو مێشکەکانی دەرەوە بکات بۆ هەرێم.

***شـــەقام و ڕێگاوبانەکانی پارێزگای ســـلێمانی بەو پێیەی لەناوچەیەکی شاخاویدایە ئایا لەمبارەیەوە چ پڕۆژەیەك هەیە کەموکوڕی لە پڕۆژەکانی ڕێگاوبان هەیە داواکاری چییە بۆ ئەوەی پڕۆژەیەك ئەنجام بدرێت یان خێرایی لە بەڕێوەچوونی کارەکانی هەبێت ؟**

- پـــڕۆژەی زۆر لەبواری ڕێگەوباندا لـــە جێبەجێ کردندان، گرنگترنیان دووسایدکردنی ڕێگەکانی نێوان شاروشارۆچکەکانە کە لە ئێســـتادا دەتوانم بڵێم قۆناغـــی یەکەمی زۆربەی ئەو پڕۆژانە دەستی پێکردووە، لەوانە ڕێگەی دوکان - چوارقورنە، ســـلێمانی - دەربەندیخـــان، کـــەلار - دەربەندیخان، عەربەت -پێنجویـــن، چەندین پڕۆژەی تریش، هاوکات لە ســـلێمانی پڕۆژەیەکی گەورەی ڕێگەمان بەدەستەوەیە کە دروستکردنی شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانییەو دیزاین پڕۆژەکە تەواو بووەو بەم نزیکانە قۆناغی یەکەمی درووستکردنی دەست پێدەکات. بـــۆ ناوچـــە شـــاخاویی و گوندەکانیش ئێمە ڕێگەســـازی گوندەکانمان بە ئەولەویەتـــی خۆمان دەزانین و هەر گوندێك ڕێگـــەی خراپ بێـــت وەك وتم بـــێ چاوەڕوانی بۆی چاك دەکەین بەشێوەی ڕێگە تێکەڵە ڕێژ، بەڵام زۆربەی گوندەکان

**کێشەمان لەگەڵ وەزارەتەکاندا لە زۆری ڕۆتین و نەگونجاوی ڕێنمایی و یاساکان لەگەڵ قەبارەی پڕۆژەو ئیشەکانی ئێستا هەیە**

**هاووڵاتیان گلەییان لە خاوەن پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون هەیەو هەقی خۆیانە**

**بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان و کەمی باران و وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو کێشەی کەم ئاوی لەهەندێك ناوچە هەیە، بەلام ئێمە بەردەوامین لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە**

داوای قیرکردنی رێگەکانیان دەکەن، کە هەقی خۆیانە، بەڵام قیرکـــردن بودجەی زۆری دەوێت، بۆیە بەپێی پلان ســاڵانە چەندین رێگەی گونـــدەکان قیرِ دەکەین و زۆر پرۆژەی لەو جۆرە بـــۆ گوندەکان جێبەجێ کـــراوە. ناڵێین کەموکوڕی لە پرۆژەکانـــی رێگەوبانـــدا نییە، بەڵام لەچـــاو رابردوودا زۆر باشترە، ئێمە گرفتێکی زانستیمان هەیە ئەویش زوو تێکچوونی جادەکان و قیرەکەیەتی، ئەمەش زۆر باســـکراوەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە تا بزانین هۆکارەکە چییە؟ ئاخۆ کوالێتی قیرەکەیە؟ یان نەگونجاویەتی لەگەڵ کەشـــوهەوای هەرێم؟ یاخود زیاد لەپێویست قورسایی خستنەسەر رێگەکانە بەتایبەت کە ئێمـــە تەنیا رێگەی گواســـتنەوەمان رێگەی ئۆتۆمبێلە، پیشـــم وابێت وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ســـەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەم گرفتە، ئەوەش زیاد بکەم ئێستا خۆشبەختانە بارودۆخی کارەبای هەرێم باش بووەو بەو هۆیەشەوە رووناکی سەرشەقامەکان زیادی کردووەو هاوکات بەشێوەیەکی ستاندارد خەریکـــی هێڵکارین بـــۆ ئەو شـــەقامانەی هێڵکاریان نییە، شـــەقامەکانی کوردستان بەگشتی بەو شێوەیە خراپ نین کە باس دەکرێت، بەڵام هێشـــتا وەك پێویستیش نین، دڵنیام چەند ســـاڵی ئایندە ئەو گرفتانە تەواو چارەســـەر دەبن و تۆڕێکی باشی رێگەوبانمان دەبێت، هیواداریشم شوفێران زیاتر پابەندی رێنماییەکانی هاتوچۆ بن و لەو شـــەقامانەی کە کاری تێدا دەکرێت یان وەك پێویست نین زیاتر رەچاوی یاساکان بکەن.

***هەنـــدێ پرۆژە هەیە لەوادەی کۆتایی هاتنی دوادەکەوێت، بـــە راوبۆچوونی ئەندازیارانیش قـــەت ئەو پرۆژانە لە کاتی خۆی تەواو نابێت، رابۆچوونی تۆ لەمبارەوە چییە؟**

-راســـتە خەریکە دواکەوتنی هەندێك پـــرۆژە دەبێت بەدیاردە کە ئەمە ناکرێت بـــەو جۆرە بێت، گرفتەکەش هەمە لایەنەیە هەندێك پەیوەندی بـــە حکومەتەوە هەیە هەندێکی پەیوەندی بە بازاڕەوە هەیە، هەندێکیشی پەیوەندی بە بەڵێندەرەوە هەیە. خـــۆت دەزانی پـــرۆژەکان لێرە لەرێگـــەی کەرتی تایبەت و بەڵێندەرەوە جێبەجێ دەکرێن، کە راستە ئەوان وەك بزنسێك ئەو کارانە دەکەن، بەڵام دیســـان جێگەی ئەوەیە دەستخۆشیان لێ بکرێت و بەشـــێك لە شـــانازی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیان پێ ببرێـــت، بەڵام هـــۆکاری دواکەوتنی پـــرۆژەکان جگە لە ناجێگـــری بازاڕ کە کاریگەری زۆری هەیە، بەشـــێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرەکان، چونکە زۆر جار هەیە کۆمپانیاکان پرۆژە وەردەگرن ئامێری پێویســـتیان بـــۆ پرۆژەکە نییە، یان لە یەك کاتدا ســـەرقاڵی چەندین پرۆژەن، زۆر گرفتی تری لەو بابەتانە، کە ئێمە بۆ چارەســـەری ئەو کێشـــانە هەندێك پێداچوونەوەمان بە مەرج و گرێبەســـتەکاندا کردووە، هاوکات لیستی رەشمان هەیە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە کارەکانیان وەك پێویســـت نییەو هەوڵدەدەین پرۆژەیان پێ نەدەین، غەرامەی ئەوانەش دەکەین کە پرۆژەکانیـــان بەهۆی کەمتەرخەمییەوە دواکەوتـــووەو هۆیەکی مەعقولی نییە، بەگشـــتی ئێمە درك بەو گرفتـــە دەکەین و لە هەوڵداین کەمـــی بکەینەوە یاخود هەر نەیهێڵین، خۆشبەختانە بەهۆی ئیجرائاتەکانەوەو بەهۆی هەماهەنگی نێوان فەرمانگـــەکان ئەو دیاردەیە کەمبووتەوە، بەڵام بنەبڕ نەبووە.

***هەندێ وەزارەت لەماوەی ساڵانی رابردوو کارو پرۆژەیان لە پارێزگای ســـلێمانی و قەزاو ناحیەکان کەمە تا چ رادەیەك پێیان راگەیەنراوەو هاوکار بوون لەنەهێشـــتنی ئەو سستی و کەموکوڕییانە؟**

-نەخێر وەزارەتەکان پرۆژەیان لەپارێزگای ســـلێمانی و قەزاو ناحیەکانی کەمی نەکـــردووە، پرۆژەکان بەپێی پلان جێبەجێ دەکرێن و لەسەرجەم بوارەکاندا پرۆژە جێبەجێ کراوەو دەکرێت، بەڵام بەپێی ئەولەویەت.

*** بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵەبجە کرا بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ لەم رووەوە چی کراوە تاوەکو دەسەڵاتەکان دابەزێنرێنە خوارەوە؟**

- لەراســـتیدا ئیدارەی ســـەربەخۆی هەڵەبجە هێشتا دەست بەکارنەبووە، ئێســـتا مەسەلەی بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە لە ئارادایەو حکومەت زیاتر کار لەسەر ئەم بابەتە دەکات؛ بەڵام ئێمە بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی ئەنجومەنی وەزیران پێی داوین هەموو دەسەڵاتەکانمان بۆ خوار خۆمان دابەزاندووەو ئەوەی لە سنووری دەسەڵاتی ئێمەدا بوویێت کردوومانە، هەندێك شتیش کە نەکرابێت هۆکەی ئەوە نییە ئێمە خواســـتمان نییە بیکەین، بەڵکو رێگرییە یاساییەکانە.

***بۆچی ماوەیەکە بە شێوەیەکی رێکوپێك و باش زبڵوخاشاك لە گەڕەك و ناو ســـەنتەری شاری ســـلێمانی بەتایبەتی لە هەندێ گەڕەکدا کۆناکرێتەوە؟**

-هەرچەنـــدە ئەو پرســـیارە زیاتـــر پەیوەندی بە شـــارەوانی ســـلێمانییەوە هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی رێکوپێك زبڵ و خۆڵ و خاشاکی سلێمانی کۆدەکرێتەوە، کۆکردنەوەکەش چەند کۆمپانیایەك ئەنجامی دەدەن و بەگشـــتی ئەرکەکانیان بـــاش بەرێوەدەبەن و شـــارەوانیش چاودێریـــان دەکات و هەر کەمتەرخەمییـــەك هەبێت ئاگاداریان دەکاتەوە. ئێمە بۆ خۆڵ و خاشاك پرۆژەی ریسایکلیمان هەیەو پرۆژەیەکی ستراتیژی گرنگە بۆ ژینگەی کوردستان و لەئێستادا نزیك بووینەتەوە لە ئیمزاکردنی گرێبەست لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتیش دوای گەیشتنە رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیایەك بۆ ریسایکلینی ســـلێمانی بەهەمـــان پاکێج بۆ هەولێـــرو دهۆکیش رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکەین.

***ماوەیەکە هەســـت دەکرێت لە بواری وەرزشـــدا کارو پرۆژە کەمتر ئەنجام دەدرێت و تەنیا ئەو گۆڕەپانە دەبینین کە پێشتر هەبووە لەمبوارەیەوە چی کراوە؟**

-وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا پرۆژەکانی ئێمە بەپێی پلانە، بەپێی پێویستییە، پرۆژەکانی بواری وەرزشیش گرنگی زۆریان پێ دراوە و بەهیچ جۆرێك پشتگوێ نەخراون، خۆ ئەگەر سەیری ژمـــارەی پرۆژە وەرزشـــیەکان و ژێرخانی وەرزشـــی بکەیت بەدڵنیاییەوە سلێمانی لە ریزی پێشەوەیە و ژێرخانێکی باشی وەرزشی هەیە، بەڵام هێشـــتا پرۆژەی تر پێویستەو خواستی خەڵکیش زیاتر بووە لـــەو رووەوە، ئێمەش بەپێی پلان بەردەوام دەبین لەسەر درووســـتکردنی پرۆژەی وەرزشی نەك تەنیا لە شارەکاندا بەڵکو لە گوندەکانیشدا و ئێستا زۆر گوندی قەرەباڵغ

**چاوەڕوانین لەرێگەی وەزارەتی شارەوانی و پەرلەمانەوە یاسایەک بۆ چارەسەری خانوو و گەڕەکە زیادەڕۆیی دابنرێت**

**لیژنەیەک بە هاوکاری UNDP پێکهاتووە بۆ دانانی پلانی پرۆژەکانی ٢٠١٤**

**پرۆژەکانی شەقامی ١٠٠ مەتری و پاککردنەوەو دووبارە بەکارهێنانی ئاوی قورس و ریسایکلینی سلێمانی و شاری رۆشنبیری و شاری پیشەسازیی عەربەت و ماستەرپلانی هاتوچۆ لەقۆناغی جێبەجێکردندایە**



**گرفتێکی زانستیمان هەیە ئەویش زوو تێکچوونی شەقامەکان و قیرەکەیەتی**

یان بەچەند گوندێك یاریگای مۆدێرنیان بۆ دروستکراوە.

*** زۆر لەقایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان گلەییان لەدانەبەزینی دەسەڵاتەکان هەیە تۆش پێت وانییە ئەم دەسەڵاتانەیان بۆ دانەبەزێنراوەتە خوارەوە؟**

پێم خۆشە ئەو پرسیارە لە قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان بکەی بزانە ئەوەی لە سنووری دەسەڵاتی ئێمەدا بێت دەسەڵاتیان بۆ دابەزێنراوە یاخود نا؟ بەپێچەوانەوە سەرجەم دەسەڵاتەکانیان بۆ دابەزیووەو من بۆ خۆم سوورم لەسەر دابەزاندنی دەسەڵاتەکان و دەزانم دابەزاندنی دەسەڵاتەکان کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی زۆر زۆری هەیە بۆ رایکردنی کاروباری هاوولاتیان و دەزگا حکومیەکان و کەمکردنەوەی رۆتین، من لەناو پارێزگاش زۆربەی دەسەڵاتەکانم داوە بە بەرێوەبەرەکانی خوارەوە، بۆ نموونە گرێبەستەکانە، پرۆسەی تەندەرین کە یەکێکە لە دەسەلاتەکانی پارێزگار ئێستا من کەمترین ئاگاداریم لێی هەیە مەگەر گرفتێك هەبێت، دەسەڵاتەکانم لەو رووەوە داوە بە خوار خۆم و بەپێی سیستمێکی رێکوپێکی شەفاف کارەکان بەرێوەدەچێت و پێویستی بەوە نەماوە من دەستی تێوەردەم. ئێمە ئەگەر سیستمێکی رێکوپێك و شەفافمان هەبێت، پێویست ناکات هەموو دەسەڵاتەکان لە سەرەوە بن، ئەگەر سیستم هەبێت هەموو شتەکان ئۆتۆماتیکی خۆیان رای دەبن و کێشەشیان کەمتر دەبێت، بەڵام رەنگە گلەیی قائیمقام و بەرێوەبەری ناحیەکان لە نەبوونی هەندێك دەسەڵات بێت لەوانە دەستبەسەرداگرتن یان لادانی زیادەڕەوی یان فەرمانی گرتنی کەسانی یاسا شکێن، کە ئەم دەسەڵاتانەش بەپێی یاسایەك پەرلەمان لێ وەرگرتوونەتەوە و لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە ئەو دەسەڵاتەیان بدەینێ، من لەگەڵ پێدانەوەی ئەو دەسەڵاتانەم بە قائیمقام و بەرێوەبەری ناحیەکان، چونکە زۆربەی گرفتەکانی زیادەڕەوی و یاسا شکێنی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لایەنی ئیداری ناوچەکان ناتوانن ئیجرائاتی بە پەلە و پێویست لەگەڵ کەسانی یاسا شکێن بکەن و هاوکات واشی کردووە هەیبەتی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان نەمێنێت و یاساشکێنەکان سڵیان لێ نەکەنەوە.

**وەزارەتەکان پرۆژەیان لە پارێزگای سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی کەمی نەکردووە، پرۆژەکان بەپێی پلان جێبەجێ دەکرێن**

***قەزاو ناحیەکان بەگشتی سنووری پارێزگاکە پێویستی بە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی نوێ هەیە؛ ئایا لەمبارەیەوە داواکاریتان چییە؟**

-ئێمە دووپاتی دەکەینەوە، هەر شوێنێك پێویستی بە پرۆژەی ئاو و کارەبا و رێگەوبان هەبێت، بەتایبەت گوندەکان بێ هیچ چاوەڕوانییەك بۆیان جێبەجێ دەکەین، راستە بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان و کەمی باران و وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو کێشەی کەم ئاوی لە هەندێك ناوچە هەیە، بەڵام ئێمە بەردەوامین لە سەر پرۆژەکانی راکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گوندەکان و تازەکردنەوەی تۆڕەکان لە شارەکاندا و لێدانی بیری قوڵ بۆ گوندەکان و ئەو شوێنانەی سەرچاوەی ئاوی سەر زەوییان نییە، خەڵکی گوندەکان شاهیدن کە چووبینە هەر گوندێك ئەگەر کێشەی ئاویان هەبووبێت بە پەلە فەرمانی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەمان داوەو چاوەڕوانی پلان و



بودجەی ساڵانە نەبووین و لەسەر بودجەی فریاگوزاری پڕۆژەکانمان بۆ جێبەجێ کردوون، ئەوە جگە لەوەی هەندێك گەڕەك لە شارەکاندا کە تۆڕی ئاو یان تەواو نەبووە یان پەیوەست نەکراوە بە سەرچاوەی ئاوەوە، بەبەردەوامی بە تەنکەر ئاویان بۆ دابین دەکرێت.

ئەگەر ئێوە بیرتان بێت چەند ساڵ لەمەوبەر ئێمە شارۆچکەی سی هەزار کەسیمان بەدەست کەم ئاوییەوە دەیناڵاند و شارە گەورەکانمان ئاوی نەبوو، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا بارودۆخەکە زۆر باشەو دەتوانم بڵێم هەرچەندە کەم ئاوی لەهەندێك شوێن ماوە، بەڵام نەبووە بە گرفتی گەورە بۆ هاووڵاتیان و چارەسەری کێشەی کەم ئاوی کراوە ئەوە ماوە گەشەپێدانیەتی بۆ ئاستی شارە پێشکەوتووەکان. بۆ ئەم مەبەستەش لە سلێمانی و شارۆچکەکانی چەندین پڕۆژەی گەورەی ئاو هەیە کە لەچەند ساڵی ئایندەدا بەتەواوتی بارودۆخی ئاو باش دەکات، لەوانە پڕۆژەی دابینکردنی ئاو لە سیروانەوە بۆ شارۆچکەکانی هەڵەبجەی تازە و عەربەت و سەید سادق کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دەستپێکردنی پڕۆژەکە راگەیەندرا، هەروەها سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ هێڵێکی تری ئاو بۆ شاری سلێمانی کە بەتەواوبوونی ٢٤ کاتژمێر ئاو بۆ سلێمانی دابین دەکات.

***ئایا ئامادەکاریی دەکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ئەمن و ئارامی شار بپارێزرێت؛ پێت وایە لایەنە سیاسییەکان پابەندی ئەو یاساو رێنماییانەتان دەبن؟**

-پێشتر چەند هەڵبژاردن بەرێوەچووە، هەندێك گرفتی کەم نەبێت کێشەی زۆر گەورە رووی نەداوە، دەزگا ئەمنیەکانی سلێمانیش بێگومان بەردەوام دەبن لەسەر پاراستنی بارودۆخی ئەمنی سلێمانی و رووبەڕووبوونەوەی هەر کەسێك بیەوێت ئارامی شار تێکبدات، بەڵام ئاساییە لە کاتی هەڵبژاردنەکان کەشێکی گەرموگوڕتر لەرۆژانی ئاسایی دروست دەکات و ئەمەش تا ئەو ئاستەی نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئارامی و گیانی هاووڵاتیان بە شتێکی ئاسایی دەزانین و هێزە ئەمنیەکانی سلێمانیش لەو ماوەیەدا بێگومان چاوکراوەتر دەبن.

داواکاریشین لە لایەنە سیاسیەکانی سلێمانی ئارامی شار لەبەرچاو بگرن و لایەنگرانیان هان بدەن لە چوارچێوەی یاساکاندا هەڵمەتی هەڵبژاردن بەرێوەبەرن و خەڵك هەراسان نەکەن .

***کێشەی کەمی سیولەی نەختینەیی لەبانکەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەرچەندە ئەو پرسیارە پەیوەندی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین کێشە بنەڕەتییەکە ئەوە نەبووە کە بانکەکان نەختینەیان کەمبووە، بەڵکو کێشەکە ئەوەبووە کە ژمارەی حسابی وەزارەتی دارایی لە بانکەکاندا رەسیدی کەمیکردووە، هۆکەشی ئەوەبوو ئەو ماوەیە بڕی نەختینەی هاتوو لە بەغداوە کەمتر بوو لە رێژەی ئاسایی پێشتر.

**حەز بەوە ناکەین گەڕەکی هەژارو گەڕەکی دەوڵەمەند لە شارەکەماندا هەبێت**

**ئەرکی حکومەتە چارەسەری کێشەی نیشەجێبوون بکات بێ ئەوەی ناچار بێت رێگری لە هاتنی دەستی کارو مێشکەکانی دەرەوە بکات بۆ هەرێم**

# گەنج و سیاسەت لە کوردستاندا

(٣)



دکتۆر عادل باخەوان*
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

میکانیسمی جێگرتنەوەی سنووردار بریتییە لە «سەرلە نوێ بەرهەمهێنانەوەی نەوەکان»[1]. ئەندامێکی باڵا، لەڕێگای پرۆژەیەکی تایبەت لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی چڕو پڕەوە، هەلومەرجی جێگرتنەوەی خۆی لەلایەن یەکێك لە مناڵەکانیەوە ئامادە دەکات، بەشێوەیەك کە پاش مردنیشی پرۆسێسی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بەردەوامبێت. وەزیرێك، سەفیرێك، پەرلەمانتارێك، تەنانەت بەڕێوەبەرێکی گشتیش یاخود بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنێك، لەسەر هەمان میکانیسم کاردەکات. واتە لە هەر ساتەوەختێکدا دەتوانین چاودێری دەرکەوتنی «لاوێك» لە یەکێك لە ڕووبەرەکاندا بکەین. گرفتی لاوان لەوەدایە کە دەرکەوتنی ئەم لاوە پەیوەندی بە خەون و بەرژەوەندی و خواستەکانی گرووپی لاوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چۆنیەتی درێژکردنەوەی وێنەی نەوەی پێشووترەوە هەیە. لێرەوە، یەکێك لەو فێڵانەی کە نوخبەی سیاسی/کۆمەڵایەتی کوردستانی دەتوانێت بیکات، دەبێت بە ناساندنی ئەم جۆرە لە دەرکەوتنانە وەك سەرکەوتن و بەشداری زیندووی لاوان لە کێڵگەی سیاسیدا. واتە میکانیسمی جێگرتنەوەی سنووردار دەتوانێت ببێت بە دەسەڵاتێکی ڕەمزی بۆ داپڵۆسین و سەرکوتکردنی خەونی ئەو هەزاران لاوە کوردستانییەی کە دەیانەوێت لە ڕێگای بەشداریکردنی زیندووانەی سیاسەتەوە، ڕووبەری کۆمەڵگەی ڕەش و کۆمەڵگەی بێ متمانە بەجێبێڵن.

بەڵام ئایا لە ئامادەبوونی میکانیسمی جێگرتنەوەی سنووردار‌دا دەتوانین باس لە چینی لاوانی کوردستانی وەك گرووپێکی کەلتوریی هاوئاهەنگ و هەڵگری یەك تایپ لە خەون و بەرژەوەندی و ستراتیژی بکەین؟

بێگومان ئەستمە بە ئیجابی وەڵامبدەینەوە. چەند ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازبن، هێندەش لاوان جیاوازن و هەڵگری هەمان خەون و بەرژەوەندی نین. ئایا دەکرێت، بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژی، لاوانی گەڕەکە داڕزاوەکان، قوتابخانە داڕزاوەکان، کۆڵانە داڕزاوەکان، خانووە داڕزاوەکان، وەك لاوانی گەڕەکە ڕاقیەکان، قوتابخانە ڕاقیەکان، کۆڵانە ڕاقیەکان، خانوە ڕاقیەکان وەك ئەندامانی چینێکی گونجاوی هاوئاهەنگ تەماشا بکرێن ؟ بێگومان نەخێر.

دەکرێت لێرەدا دوا داتا بەراورد بە یەکتری بکەین. داهاتی ساڵانەی موچەخۆرانی ئاسایی کوردستان و داهاتی ساڵانەی ئەو ١٠ هەزار و ٨٠٠ ملیۆنێرەی کە بەپێی ئاماری یەکێتیی وەبەرهێنەران لە

ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا، وەك چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی دەرکەوتوون و سەرمایەی هەر یەکێك لەم ملیۆنێرانە ٥ ملیۆن دۆلار تێدەپەڕێنێت[٢]. گەر مووچەی مانگانەی فەرمانبەرێکی ئاسایی دەوڵەت (پۆلیسێك بۆنمونە) بریتی بێت لە ١٢٠٠ دۆلار (پاش چەند ساڵ خزمەتکردن)، داهاتی ساڵانەی یەکسان دەبێت بە ١٤٤٠٠ دۆلار. بەبێ ئەوەی کە حیساب بۆ ئەو قازانجە فراوانە بکەین کە ٥ ملیۆن دۆلار ساڵانە دەیهێنێت و تەنها و تەنها سەرمایەی یەك ملیۆنێر لەم ١٠ هەزار و ٨٠٠ کەسە وەردەگرین و دابەشیدەکەین بەسەر داهاتی ساڵانەی فەرمانبەرێکدا؛ واتە پێنج ملیۆن دۆلاری ئەندامێکی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە کە دابەشی دەکەین بەسەر چواردە هەزار و چوار سەد دۆلاری داهاتی ساڵانەی فەرمانبەرێکی ئاسایی دەوڵەتدا دەگەین بەم ژمارەیە: ٣٤٧! واتە تەنها و تەنها سەرمایەی (بێ قازانجی) هەر ئەندامێکی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە یەکسانە بە ٣٤٧ ساڵ لە ئیشکردن و موچە و داهاتی فەرمانبەرێکی ئاسایی! گەر ئەم فەرمانبەرە ٣٤٧ ساڵ بژی و بەهیچ شێوەیەك دەستکاری ئەو موچەیە نەکات کە مانگانە وەریدەگرێت، دەتوانێت ببێت بە خاوەنی هەمان هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەندامێکی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە. بەشێوەیەکی دیکە، لە ئێستادا کە ساڵی ٢٠١٣یە، ئەم فەرمانبەرە دەبێت تا ساڵی ٢٣٦٠ کاربکات و داهاتەکەی کۆبکاتەوە، بۆئەوەی بگاتە ئاستی هەلومەرجی ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەندامێکی ئەم چینە نوێیە. واتە بە ٢٥ نەوەی دیکەش ناتوانێت بگاتە ئێستا و ئێرەی ئەم چینە نوێیە.

ڕەنگە لێرەدا خوێنەران لێمبپرسن: جا چ پەیوەندییەك لەنێوان پێگەی ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتی/ سیاسیدا هەیە ؟ با ئەم چینە نوێیە سەرمایەشان لەدەستدابێت، بەڵام مەرج نییە خاوەنی پێگەی هەژمونداری کۆمەڵایەتی بن!

بێگومان من تێدەگەم لەم جۆرە بیرکردنەوەیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك باوەڕم پێی نییە. سەرمایەی بەهێز نەك هەر دەستنیشانی پێگەی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵکو دەستنیشانی چوارچێوەی ئامادەبوون لە ((وجود))یشدا دەکات. کۆی دەرکەوتنە سیاسییەکان، کولتورییەکان، تەنانەت ئەخلاقییەکانیش، چۆنییەتی پراکتیککردنی ژیان لە ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵدا، فۆرمەکانی ڕێکخستنی بیرکردنەوە و پەیوەندیەکانی کار و تەنانەت پەیوەندی بە خێزانیشەوە، لەژێر کارایی پێگەی ئابوری هەر کەسێکدا خۆیان بینادەکەن. دەکرێت لێرەدا چەند نمونەیەکی خێرا بهێنینەو.

لەسەر ئاستی کەلتور: منداڵانی چینی فەرمانبەران لە کوردستاندا، کە لە ڕووبەرەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا دەژین، تەنها لە خەوندا دەتوانن سەردانی مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس بکەن. لۆڤەر کە بەشێکی گەورەی مێژووی میزۆپۆتامیای تیایە و دوو کاتژمێر لە لۆڤەر یەکسانە بە چەند ساڵێك لە کتێب خوێندنەوە، بۆ منداڵانی فەرمانبەران وەك چوون بۆسەر مەریخ وایە. تەنها ئامادە کردنی مەلەفی ڤیزەی فەرەنسا نزیکەی ٥٠٠ دۆلاری تێدەچێت. پاشان بلیتی دوو سەر، ١٢٠٠ دۆلار، مانەوەی هەفتەیەك لە خراپترین ئۆتێلی پاریسدا بۆ حەوت شەو ١٠٠٠ دۆلار. خواردنی هەفتەیك ٣٠٠ دۆلار. کۆی سەفەرەکەی ٣٠٠٠ دۆلاری تێدەچێت. نزیکەی سێ مانگ مووچەی باوکی! بەڵام منالی هەر ئەندامێك لەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە (مەبەست لەو ١٠ هەزار و ٨٠٠ ملیۆنێرەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا) ، لە هەر چرکە ساتێکدا ئارەزوویکرد، دەتوانێت بە ئاسانی ڤیزە وەربگرێت و سەردانی پاریس و لۆڤەر بکات و نەك سێ هەزار دۆلار بەڵکو ٣٠ هەزار دۆلاریش سەرف بکات. ئایا دەتوانین ڕووبەری کەلتور لە یادەوەری منالێك کە بەخەونیش لۆڤەری نەبینیوە و منالێکی دیکەش کە چەندین سەعاتی لە هۆڵەکانی لۆڤەردا بەسەر بردووە وەك یەك تەماشا بکەین؟ ئایا پەیوەندی ئەم دوو منالە بە کەلتورەوە یەك سروشتی هەیە؟ منالێك کە بە چاوی خۆی ئەو تاشە بەردە دەبینێت کە دەستوورەکەی حامورابی لەسەر نووسراوە و کەسێکی «خەبیریش»هاوڕێیەتی دەکات بۆ ئەوەی لە ئەلفەوە تا یای بۆ باس بکات، وەك ئەو منالە وایە کە لە پۆلێکی ساردو سڕی قوتابخانەیەکی داڕزاوی کوردستاندا و مامۆستایەکی نیمچە خوێندەوار دوو قسە بێ تامی لەسەر حامورابی بۆ دەکات ؟ بێگومان نەخێر.

ڕەنگە بەشێك لە خوێنەران پێم بڵێن: ئەمەی کە من باسیدەکەم تەنها لە تیۆرییە سۆسیۆلۆژییەکاندا هەیە یاخود لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا هەیە و [سوپاس بۆ خوا] کۆمەڵگەی کوردستانی دوورە لەم جۆرە پراکتیکانەوە!

لەڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێمەش، بە گۆشت و ئێسقانەوە، پێیناوەتە نێو ئەم سیستەمە لە پراکتیکەوە و ئەوەی کە من باسیدەکەم هەڵوێستێکی ئایدۆلۆژی نییە، بەڵکو بەرهەمی چاودێریکردنی سۆسیۆلۆژیانەی کاتیگۆری و چۆنییەتی پراکتیکە کەلتوریەکانی

**گرفتی لاوان لەوەدایە کە دەرکەوتنی ئەم لاوە پەیوەندی بە خەون و بەرژەوەندی و خواستەکانی گروپی لاوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چۆنیەتی درێژکردنەوەی وێنەی نەوەی پێشووترەوە هەیە**

**لەسەر ئاستی کەلتور: منالانی چینی فەرمانبەران لە کوردستاندا، کە لە ڕووبەرەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا دەژین، تەنها لە خەوندا دەتوانن سەردانی مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس بکەن. کە بەشێکی گەورەی مێژووی میزۆپۆتامیای تیایە و دوو کاتژمێر لە لۆڤەر یەکسانە بە چەند ساڵێک لە کتێب خوێندنەوە**

ئەو کەسانەیە کە لە کوردستانەوە سەردانی پاریس دەکەن. داواکاریەکانیان لەو کەسانەی کە هاوڕێیەتیان دەکەن، بەجۆرێك لە جۆرەکان دەمانبەنەوە سەر چینە کۆمەڵایەتییەکانیان.

بێگومان دەکرێت نموونە بە جۆری ئۆتۆمۆبیلەکانی منداڵانی هەریەکێك لەم دوو چینە کۆمەڵایەتییەش بێنینەوە [منداڵانی سەرەوەی کۆمەڵگە لە BMW X6 کە نزیکەی ١٠٠ هەزار دۆلار دەکات کەمتر بێت بەکاری ناهێنن، بەڵام منداڵانی خوارەوەی کۆمەڵگە لە باشترین دۆخدا دەتوانن ئۆتۆمۆبیلێکی ١٥ ساڵ لەمەوپێشی وەك رینۆ بەکاربێنن. واتە تەنها لە خەوندا دەتوانن BMW X6 بەکاربێنن]. دەکرێت نموونە بە قوتابخانەکانیان، بە زانکۆکانیان، بە لیستی پەیوەندییە سیاسییەکانیان، بە ڤیزەی سەر پاسپۆرتەکانیان، بە شوێنی نیشتە جێبونیان بێنینەوە. بەراوردکردنی هەریەکێك لەم ڕەگەزانە، ڕاستەوخۆ دەمانبەنەوە سەر ئەوەی کە نەوەی نوێی کوردستانی گروپێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گونجاوی خاوەن یەك چوارچێوە لە بەرژەوەندی نییە. بەڵکو بە ڕادەی دابەشبوونە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئەم نەوەیەش دابەشبووە. بەشێکی لە سەنتەرە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا ژیان بەسەر دەبات و بەشێکی دیکەشی لە پەراوێزەکاندا.


لاوانی پەراوێزکراو، لاوانی بێ ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی ڕاقی، لاوانێك کە هەڵگری ئینتیمایەکی کۆمەڵایەتی «بێ بەهان» و سەر بە رووبەرەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەن، لەلایەن ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتییە ڕاقیەکانەوە، لەلایەن ئینتیما کۆمەڵایەتییە «بەهادارەکانەوە»، لەلایەن ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەوە کە سەر بە رووبەرەکانی سەرەوەی کۆمەڵگەن، وەك «زبڵدان »ی ڕەمزی تەماشا دەکرێن. واتە ئەوەی کە لەسەرەوە دەمێنێتەوە، ئەوەی ئەندامانی سەرەوەی کۆمەڵگە ناتوانن «ئیستیهلاك» ی بکەن (پۆستی بچووکی سیاسی، پۆستی بچووکی ئیداری، موچە، پیشە، بەشداری کۆنگرە، گەشت، سەردان، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، هتد)، پێشنیاری دەکەن بۆ ئەکتەرەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە؛ بەمانایەکی دیکە: فرێی دەدەنە نێو زبڵدانەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەوە! ئیشکالیەتەکە لەوەدایە کە لە ئێستا و ئێرەدا، ئەم وێناکردنە، وردە وردە، دادەبەزێتە خوارەوە، بەڕادەیەك کە خوارەوەی کۆمەڵگەش تێدەگەن لەوەی کە وێنەی ئەوان لە خەیاڵدانی سەرەوەی کۆمەڵگەی کوردستانیدا، زبڵدانێکی گەورەیە! لە هەلومەرجێکی ئاوادا زبڵدان دەبێت بەو شتەی کە خوارەوە و سەرەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە!

**منداڵانی سەرەوەی کۆمەڵگە لە BMW X6 کە نزیکەی ١٠٠ هەزار دۆلار دەکات کەمتر بێت بەکاری ناهێنن، بەڵام منداڵانی خوارەوەی کۆمەڵگە لە باشترین دۆخدا دەتوانن ئۆتۆمۆبیلێکی ١٥ ساڵ لەمەوپێشی وەک رینۆ بەکاربێنن**

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٠ دا ئامادەکراوە، دوانزە هەزار و چوارسەد و حەفتا و نۆ منداڵ لە کوردستاندا، لەپێناوی نەمردن لە برسانا، لەپێناوی هاوکاریکردنی خانەوادە هەژارەکانیان، لەپێناوی مانەوە لە ژیاندا، ناچارن بە کارکردن و بە بازاڕە نوێیەکان سپێردراون. هەشت هەزار و چوارسەد و شەش منداڵ لە هەولێر، دوو هەزار و حەوت سەد و پانزە منداڵ لە سلێمانی , هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشت منداڵیش لە دهۆك. ئەم ڕێژەیە تەواو نزیکە لە ڕێژەی ئەو دە هەزار و هەشت سەد ملیۆنێرەی کە لە ئێستای کوردستاندا درووستبوون. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت دنیای خواری خوارەی کۆمەڵگە و دنیای سەری سەرەوەی کۆمەڵگە چەند بەیەکەوە ڕێدەکەن، هێندەش لە یەکتری جیادەبنەوە. چەند ژمارەی ملیۆنێرەکان بەرزببێتەوە، هێندەش ژمارەی هەژارەکان بەرزدەبێتەوە. ئەم دوو چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە لەیەك کۆمەڵگەدا دەژین، بەڵام یەکتری نابینن. هاووڵاتی یەك نیشتمانن، بەڵام وەك یەك نیشتمان نابینن. لەسەر یەك خاك دەژین، بەڵام یەك جۆر پەیوەندییان بە خاکەوە نییە. لە کاتێکدا نەوەی نوێی ملیۆنێرەکان لە زانکۆکانی سۆربۆن، هەڤارد، کالیفۆرنیا، کامبریدج، ئۆکسفۆرد خوێندن تەواو دەکەن، نەوەی نوێی خوارەوەی کۆمەڵگە سەرگەرمی فرۆشتنی هێزی بازویەتی، وەك کارل مارکس دەیگوت، بۆئەوەی بتوانێت پێداویستییە بیۆلۆژییە سەرەتاییەکانی خێزانەکەی (خواردن و خەوتن لە نێو چوار دیواردا) دابین بکات.

ئەکسێل هۆنێت، سۆسیۆلۆگی بەناوبانگی ئەڵمانی، لە یەکێك لە بابەتەکانیدا بەناوی «ئاوێتەبوون و بێرێزی. پرانسیپی مۆراڵی دانپیادانان»، بەم شێوەیە گوزارشت لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەم کاتیگۆریە لە ئەکتەر دەکات:

«کاتێك کە ئەم مرۆڤە بەشێوەیەکی ستراکتۆراڵ دەخرێتە پەراوێزەکانەوە و بێبەش دەکرێت لە مافە سەرەکییەکانی ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا، ئیدی هەستکردن بە جۆرێکی تایبەت لە سوکایەتی پێکردن و بریندارکردنی خودی خۆی لەلایەن کۆمەڵگەوە لا دروست دەبێت. ئەم هەستکردنە وای لێدەکات کە چیدی خۆی وەك مرۆڤێکی کامڵ، مرۆڤێکی ئاسایی نەبینێت؛ ئیدی ئەو مرۆڤێك نییە کە توانایی ئەوەی




هەبێت پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دروستبکات و وەك ئەوانی دیکە خۆی بە خاوەن ماف بزانێت.»[٣]

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەرئەو ئیشکالیەتەی کە لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا: سیاسەت و سیاسییەکان لە خەیاڵدانی نـــەوەی نوێی پاش ڕاپەڕیندا. ئەوەی ئێمە ویســـتمان ڕووناکی بخەینە ســـەر گومانی بابەتی بوو لەســـەر گوزارشـــتی «نەوەی نوێ» کە زۆر جار وەك بەڵگە نەویســـتێك دووبارە دەکرێتەوە. ئـــەوەی کە ئێمە وەك دەرەنجام پێیگەشتین ئامادەبوونی [زیاتر] لە نەوەیەکی نوێیە لە ڕووبـــەرە کۆمەڵایەتیەکانـــی کۆمەڵگەی کوردستانیدا، هەروەها ئامادەبوونی زیاتر لە وێنەیەکی سیاسەت و سیاســـییەکانە لە خەیاڵدانە جیاوازەکانی نەوە نوێیەکاندا. ئێستا کاتی ئەوەهاتووە بپرسین: ئەی لە خەیاڵدانی سیاســـییە کوردستانییەکاندا لاوان چۆن وێنادەکرێن ؟ چۆن دەخرێنە سەر شانۆ؟ چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت ؟ ئایا نوخبەی سیاســـی بەگشتی و دەسەڵات بەتایبەتی سیاسەتێکی تایبەت بە گەنجێتی و بە گەنجان هەیە ؟ کامانەن ئەو هێڵە گشـــتیانەی کە دەکرێت سیاســـەتی گەنجێتی و گەنجانی لەسەر بینا بکرێت ؟

**سەرچاوە:**

١- «تێبینی: بەشـــێکی زۆر لە داتاکانی ئەم پرۆژەیە لەو توێژینەوە زانســـتییەوە وەرگیراون کە لە ژێر سەرپەرشـــتی ئێمەدا، کۆمەڵەی کۆمەڵناســـان و دەروونناســـان لە ٢٠٠٨ دا ئەنجامیانـــدا. ســـوپاس بۆ هەموو ئـــەو توێژەرانەی بە کۆکردنەوەی داتاکانەوە ماندوبوون.».

2-http:// www.awene.com/article/2013/05/19/21990

3- Axel Honneth « Intégrité et mépris. Principes d'une morale de la reconnaissance»، Recherches sociologiques، vol. XXX، n°2، 1999، 11-22، 14.

* سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانكۆ لە پاریس

**سەرمایەی بەهێز نەک هەر دەستنیشانی پێگەی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵکو دەستنیشانی چوارچێوەی ئامادەبوون لە ((وجود))یشدا دەکات**